# تێڕوانینی ڕەوتی فێمینیزم بۆ دۆخی سیاسی ئافرەت (توێژینەوەیەکی تیۆرییە)

سليم بطرس الياس[1] ، نزار أحمد يحيى[2]

[1]بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی کارگێری کار، پەیمانگەی تەکنیکی سۆران، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ سۆراخکردنی ڕەوتی پەرەسەندنی تیۆرە فێمینیستە جیاوازەکان لەچوارچێوەی تاوتوێکردنیان بۆ جیاوازی کۆمەڵایەتی، کولتوری، ئایدیۆلۆژی و سیاسییان، کە لەڕابردو و ئێستادا ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا ڕوبەڕویان دەبنەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ڕونیبکاتەوە کە بەدەر لە ئایدیۆلۆژیای تایبەت، ئەوا چەندین تیۆری فێمینیستی هەن، هەمویان بەپێی قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگە، ئەوانیش پەرەیان سەندوە. دەکرێت تیۆرە فیمینیستییەکان بەسەر چەندین تیۆر و بزوتنەوەی جیاجیای سەرەکی پۆلێنبکرێن، ئەوەش بە پشتبەستن بە شێوازی گەشەسەندنی تیۆرە فێمینیستەکان لە سەرەتای سەرهەڵدانیانەوە تاکو ئەمڕۆ. بۆ ئەم مەبەستە لەم توێژینەوەیەدا توێژەران لە شەپۆڵەکانی فێمینیزم شۆڕبوەتەوە تا ئەو شوێنەی قوتابخانە تیۆرییەکانی وەک: (لیبرالی، رادیکاڵی، دوای نوێگەری، مارکسی، سۆسیالیستی، بەجیهانیبو و ئیسلامی) لێکجیاکردونەتەوە، کە هەرجارە و دو تیۆر یان زیاتری بەیەکەوە گەنگەشەکردوە، ئەوەش لەمیانەی شیکردنەوەی ئەو تیۆرانەوە، توێژەر پێیان گەیشتوە. بەڵام توێژەر زیاتر جەختی کردوّتە سەر ئەو لایەنەی کە پەیوەندی بە ڕەوشی سیاسی ئافرەتەوە هەیە، کەوا تیۆرە فێمینیستیەکان مشتومڕیان دەربارە کردوە، چونکە یەکێک لە مشتومڕە هەرە گرنگ و گەرمەکانی تیۆرەکانی فێمینیزم، بریتییە لە کایەی سیاسی، کە بەگشتی هەمو تیۆرەکانی فێمینیزم لەسەری کۆکن، و وایدەبینن پێویستە ئافرەتانیش بەشداری کردەیی کایەی سیاسی و بڕیاری سیاسی بن.

بەوپێیەی توێژەران تەنیا پشتیان بە بۆچونە تیۆرییەکانی تایبەت بە فێمینیزم بەستوە، و ئەو خاڵە لێکچو و جیاوازانەی لەنێوان جۆرەکانی فێمینیزم هەیە، بۆیە توێژەران میتۆدی وەسفییان گرتوتەبەر بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان.

## کلیلە وشەکان:

فێمینیزم، جێندەر، کایەی سیاسی و لیبرالیزمی نوێ.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(2).Paper12
**Received:** 9- August -2021
**Accepted:** 14-September-2021
**Published:** 29-March-2022
**Corresponding Author’s E-mail:**
selim.elias@su.edu.krd
Nazar.yahya@ymail.com
**Copyright**©2022 Journal of Raparin University.

## پێشەکی:

ئاشکرایە کە لە سەرەتای مێژووەوە ئافرەت دەرکی بەوە کردوە، کە بەشێوەیەکی نایەکسان مامەڵە لەگەڵ ئەو و پیاودا دەکرێت و لە دیدی ئافرەتیش هۆکارێکی زۆر بۆ ئەم نایەکسانیە کۆمەڵایەتییانە هەن. فێمینیزم هەم هزرە، هەمیش بزوتنەوەیەکی پراکتیکیە. ئەمە بزوتنەوەیەکی هزرییە لەبەرئەوەی لە کایەی ئەکادیمیدا تیۆر، توێژینەوە، میتۆد و پارادایمی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەها لەڕوی پراکتیکیشەوە چەندان ڕێکخراو و بزوتنەوەی داکۆکیکار لە مافی ئافرەت هەن کە چالاکی و دروشمی تایبەتیان هەیە.

توێژەر لەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە تیۆرەکانی فێمینیزم بەجۆرێک بخاتەڕو، خاڵە ناکۆک و خاڵە لێکچوەکانی نێوان ئەو تیۆرانە پیشانبدات، ئینجا ئەوەش ڕونبکاتەوە، کە ئاخۆ تیۆرەکان لە کوێ ناکۆک یان هاوڕان، دواتر توێژەران لەکوێ پێویستی کردوە سەرنجی خۆیان لەسەریان داوە. لەلایەکی ترەوە هەوڵدراوە زیاتر جەخت لەسەر ئەو لایەنە بکرێتەوە، کە پەیوەندی بە بواری سیاسەتکردنەوە هەیە، لەوێوە بۆچونی تیۆروانان و چالاکانی فێمینیزم پیشانبدات، چونکە زۆربەی داکۆکیکارانی مافی ئافرەت پێیانوایە ئەگەر پێویست بکات لەژێر هەژمونی پیاو ڕزگارمان بێت، ئەوا پێویستە ئافرەتیش بەڕێژەی پیاو لە کایەی سیاسی بەشدار بن و کاریگەرییان هەبێت. هەروەها وایدەبینن پەیوەندی نێوان نێر و مێ پێش هەر شتێک پەیوەندییەکی سیاسیە.

لێرەدا توێژەران هەوڵیانداوە لەڕێی وروژاندنی چەند پرسیارێکی سەرەکی، دۆخی ئێستای ڕەوتی فێمینیزم بەگشتی و فێمینیزمی سیاسی بەتایبەتی بخاتە بەر باس و توێژینەوە، پرسیارەکانیش ئەمانەن:

زەقترین خاڵی ناکۆکی نێوان تیۆرەکانی فێمینیزم چییە، کە پێیانوابێت بەگۆڕینی ئەم دۆخەیان دەتوانن گرێنتی مافەکانیان مسۆگەتر بکرێت؟ تاچەند تیۆرەکانی فێمینیزم باوەڕیانوایە لەڕوی سیاسییەوە ئافرەت پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینیوە؟ ئەو ڕۆڵەی ئێستا لەکایەی سیاسی و بەتایبەتی لەبڕیاری سیاسی هەیانە، دڵخۆشکەرە و لەئاستێکی باشی گەشەسەندندایە؟

ئەم توێژینەوەیە گرنگی خۆی هەیە، ئەویش:

١- بەهۆیەوە ئەو جیاوازی و مشتومڕەی لەنێوان بزوتنەوەکانی فێمینیزم هەیە، دەستنیشان دەکرێن.

٢- گرنگی بە لایەنی سیاسی دراوە، کە ڕەوتی فێمینیزم بە یەکێک لە گرنگترین پرۆسەکانی ئازادی ئافرەتی هەژمار دەکات.

٣- تیشک خراوەتە سەر جیهانی سێیەم و ئەو گەشەسەندنانەی لەڕوی سیاسیەوە ڕویانداوە، یان ڕەوشی سیاسی ئافرەت لەوێوە پیشاندراوە.

سەبارەت بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەش: زانینی تیۆرەکانی تایبەت بە فێمینیزم و ئەو مشتومڕە ئەکادیمی، زانستی و لۆژیکییەی لەنێوانیان ڕویداوە. زانینی ئەو ڕێگەچارانەی هەریەک لەتیۆرەکانی فێمینیزم خستویانەتەڕو

بۆ باشترکردنی دۆخی سیاسی ئافرەت. زانینی ئەو بەربەستانەش کە هاتونەتە بەردەم ئافرەت، تابێتە نێو کایەی سیاسی.

توێژینەوەکە بەگشتی شەپۆڵەکانی فێمینیزمی خستۆتەڕو، لەگەڵ دو تەوەری سەرەکی، کە تەوەری یەکەمیان پێکهاتوە لە تیۆرەکانی تایبەت بە فێمینیزم و مشتومڕی نێوانیان، هەریەکە لە مشتومڕی ئەکادیمی نێوان (لیبرالیزم و دوای نوێگەری، لیبرالی و ڕادیکاڵی، مارکسی و سۆسیالیستی، بەجیهانیبو و ئیسلامی، سەرەڕای مشتوری بزوتنەوەکانی فێمینیزم سەبارەت بە خێزان) لەخۆدەگرێت. هەرچی سەبارەت بە تەوەری دوەمە هەوڵەکانی ڕەوتی فێمینیزم لە چۆنیەتی بەشدارییپێکردنی ئافرەت لە کایەی سیاسی لەخۆدەگرێت. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە پیشاندراون، بە شێوەیەک بۆ هەر ئامانجێک کەوا توێژەر خوازیاربو پێیانبگات، چەند ئەنجامێکی دەستکەوتون و پیشانیداون.

## تێروانینی ڕەوتی فێمینیزم بۆ دۆخی سیاسی ئافرەت:

بزوتنەوەی فێمینیزم،[1] بریتییە لە بزوتنەوەیەک تیایدا لایەنگیری لەمافی ئافرەت دەکات، بەوەی پێیوایە ئافرەتان هەرگیز لەپێگەی ڕاستەقینەی خۆیاننەبون یان بەدەگمەن هەبون. بۆیە خوازیاری ئەوەن پێگەی ڕاستەقینەی خۆیان بەدەستبێننەوە و بچنە مەیدانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری و هزریەوە. چونکە وایدەبینن ئافرەت شوناسی سەربەخۆی نەبوە و هەمیشە وەک ئامراز لەلایەن پیاوانەوە بۆگەیشتن بەمەرامەکانیان بەکارهێنراون (شاهندە، ٢٠٠٦: ١٢). هەڵبەت زۆربەی جۆرەکانی فێمینیزم لە ئەوروپادا شێلگیرانە سەرتاسەری سیستمی دەسەڵاتی سیاسی و سەرمایەداری جیهانیان خستۆتە ژێرپرسیارەوە، پرسیارەکانیش هەم تایبەتن بە کولتور و دەسەڵاتی لۆکاڵی و لەسنوری یەک وڵاتدا، و هەم جیهانگیریەکی فراوانی لەخۆگرتوە (هۆیەر و ئۆسە، 2006: 19).

لەڕوی مێژوییشەوە بزوتنەوە فێمینیستیەکان دەکرێت پۆڵێنی سەر سێ شەپۆڵ بکرێن، ئەوانیش:

## شەپۆڵی یەکەم:

بزوتنەوە فێمینیستیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم دەگرێتەوە، کە لەساڵی ١٨٤٥ تا سالی ١٩٤٥ دەخایەنێت، ڕەگوڕیشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی پیشەسازی، کەوا بواری بۆ ئافرەتان ڕەخساندوە، تا داوای یەکسانی کۆمەڵایەتی بکەن. (شاهندە:٢٠٠٦، ١٦ فریدمەن:٢٠٠١، ١٣). هەروەها زیاتر جەختی دەکردە سەر رەوشی کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی نوێگەریدا، زیاتر خۆی لە جێبەجێکردنی ژیانێکی باشتر بۆ ئافرەت دەرخستبو. (الخولی:٢٠١٨، ٢٨). یەکێک لەتایبەتمەندییە بنچینەییەکانی بزوتنەوەکە لە شەپۆڵی یەکەم، زامنکردنی ئازادی تاکەکەسی بو، وەک: ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی پێکهێنانی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان و ئازادی چاپەمەنییەکان. ئامانج ئەوەبو لەژێر سایەی دەوڵەتی لیبرال- دیموکرات ئافرەت سود لەو ئازادیانە وەربگرێت. هەرچەندە لەسەرەتادا

لە کایەی سیاسی وەدەرنرابون، بەڵام لەبەرئەوەی لەمجۆرە دەوڵەتەدا چەمکە مۆدێرنە بەگشتیبوەکانی وەک مافی مرۆڤ، یەکسانی و ئازادی لەخۆگرتبون، وایکرد ڕێ بۆ ئافرەت خۆشبکرێت بەشێک لەمافی ئازادی سیاسی و مەدەنی لەنێو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دەستەبەربکات (موشیر زادە:٢٠٠٥، ٥٢،٥٠).

### شەپۆڵی دوەم:

لەکۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم سەریانهەڵدا، لەساڵی ١٩٤٥ تا ساڵی ١٩٩٠ دەخایەنێت. ئەمجارە چالاکیەکانیان تەنیا لەسنوری بوارەکانی وەک کار، خێزان و مەسەلە سێکسییەکان قەتیسنەکرد، تەنانەت مافە سیاسیەکانیشی لەخۆگرت. ئەم شەپۆڵە سەرەڕای داواکردنی یەکسانی کۆمەڵایەتی، داوای گۆڕینی بونیادە سیاسی و فەلسەفییەکانی کۆمەڵگەش دەکات، و داوای سەرلەنوێ داڕشتنەوەی چەمکە لەقاڵبدراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان دەکات. تا جارێکیتر ئەو بیرکردنەوە پیاوسالاریانەی باون شیکردنەوەی ئافرەتانەیان بۆ بکرێت (فریدمەن:٢٠٠١، ١٣، شاهندە:٢٠٠٦، ١٦–١٨). سەرەرای ئەوانەش شەپۆلی دوەمی فێمینیزم، زیاتر جەختی دەکردە سەر لایەنی تیۆری ئیپستمۆلۆژی و فەلسەفەی زانست لەچوارچێوەی دوای نوێگەری، تا ئەوسنورەی ئەگەر جیاوازی بکەین لەنێوان نوێگەری و دوای نوێگەری لەڕوی فێمینیستیەوە، ئەوا دەبێت جیاوازی لەنێوان تیۆر و جێبەجێکردن بکەین (الخولی:٢٠١٨، ٢٨).

### شەپۆڵی سێیەم:

لەساڵی ١٩٩٠ دەستیپێکردوە و تائیستاش بەردەوامە، و زیاتر ئیلهامی لەتێڕوانینەکانی (هێلین سیسۆ) Helene Cixous وەرگرت، کە فێمینیستێکی دواینوێگەری بو، ئەم شەپۆڵە زیاتر سەبارەت بەجیاوازی سێکسی و ئازادی سێکسی بو. (شاهندە:٢٠٠٦، ١٦–١٨).

لێرەدا هەریەکە لەتیۆرەکانی فێمینیزم و هەوڵەکانی بزوتنەوەی فێمینیزم دەخەینە بەرباس و توێژینەوە، کە لەخوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

### تەوەری یەکەم: تیۆرەکانی تایبەت بە فێمینیزم و مشتومڕی نێوانیان:

قوتابخانە و تیۆرە هزرییەکانی تایبەت بە فێمینیزم بەپێی پەرەسەندن و گەشەی کۆمەڵگەکان، و ئاستی وشیاری و ڕۆشنبیرییان، و ئەو دۆخە جیاوازەی ئافرەتی تێدابوە، گەشەی هزری و مەعریفیيان کردوە. هەوڵدەدرێت بەکورتی ئاماژە بە قوتابخانە و تیۆرە هزرییەکانی تایبەت بە فێمینیزم بکرێت و ڕەوتەکانیان بخرێنەڕو، بەتایبەتیش ئەو لایەنەی پەیوەندی بە کایەی سیاسییەوە هەیە. لێرەدا توێژەر هەوڵدەدات مشتومڕێکی ئەکادیمی لەنێوان قوتابخانە و تیۆرەکانی فێمینیزم بخاتەڕو، لەجیاتی ئەوەی بەشێوەیەکی لاسایی تەنیا قوتابخانە و تیۆرەکان

پیشانبدات، بۆئەوەی بتوانرێت ڕا و سەرنجی توێژەریش لەمەودای مشتومڕ و گەنگەشەی قوتابخانە و تیۆرەکان تێکهەڵکێش بکرێت.

بزوتنەوە فێمینیستەکان دیاردەی ئۆرگانیی جیهانین، ئامانجی هەرە گرنگیشیان وروژاندنی مەسەلەی نایەکسانی جێندەریی و بەرەنگاربونەوەی ئەم گرفتانەیە، کەوا لەم سەردەمە ڕوبەڕویان دەبێتەوە (غدنز:٢٠٠٥، ٢٢٠)، بۆیە فێمینیستەکان سودیان لە پرۆسەکانی سەرمایەداری جیهانی وەرگرت لە گەشەپێکردنی توێژینەوەکانیان، هەروەها ڕەخنەگرتنیان بو لە لیبرالیزمی نوێ. بۆیە توانییان ئایدیۆلۆژیای جێندەریی شیبکەنەوە. بەتایبەتی تیشک بخەنەسەر ئافرەتانی جیهانی سێیەم(Ritzer: 2011, 271).

هەر بەم بۆنەیەوە (دی تۆکڤیل) 1859-1905 تێبینی ئەوەیکرد، دەڵێت شارستانیەت بەردەوام بەرەو یەکسانی هەنگاو دەنێت، و خەڵک بارودۆخیان و شێوەی ژیانیان لەیەکتر نزیکدەبێتەوە و مرۆڤایەتی بەرەو چاکەخوازی زیاتر دەڕوات، ئەو ڕێگایانەش کە مرۆڤ جیاواز دەکات، کەمتر دەبنەوە و لەکۆتاییدا نامێنن. کەچی بابەتی یەکسانی یەکێکە لەو بابەتانەی مشتومڕی زۆری لەنێو بیرمەندان دروستکردوە، بەتایبەتی لە تیۆرەکانی تایبەت بە دیموکراسی، چونکە وا دەردەکەوێت یەکسانی و بنەڕەتی دیموکراسی دژ بەیەک بن. هەروەها یەکسانی لەگەڵ دیاردە سیاسیە کردەییەکانیش، بەتایبەتی لەگەڵ دیاردەی دەستەڵات دژیەک بێت. (حريق: 2001، 197). بۆیە (ئەنتۆنی گیدنز) دەڵێت: هەرگیز کۆمەڵگەیەک لەمێژودا وەک ئێستا پەرتەوازە و لێکجیانەبوە، یان ئەوەی کە ئێستا ئافرەت و پیاو وەکیەک یەکسان بن. بەڵام پێیوایە ئەمە شۆڕشی جیهانییە، کە لەژیانی ڕۆژانەدا خۆیدەرخستوە، دەرەنجامەکانیشی بەهۆی هەوڵ و کاری سیاسەتکردن لە سەرتاپای جیهاندا بوە(Giddens: 2002, 55 ).

بەڵام (بیک) دەڵێت: هەرگیز ناکرێت یەکسانی لەنێوان ئافرەت و پیاو دەستەبەربکرێت، لەنێو جۆرە دامەزراوەیەک، کە لەبنەڕەتدا نایەکسانی قبوڵە، مەبەست لێی سیستمی سەرمایەداری جیهانییە، کە ئێستا باوە. هەرگیز ناکرێت هێمای مێینە بخرێتە نێو هێمای نێرینە، تەنیا لەپێناو بازاڕی کارکردن، سیستمی ئەرکگەری یان سیستمی پارێزگاری کۆمەڵایەتی و ...هتد. ئەگەر ئەم تاقیکردنەوەیەش ئەنجامبدرێت، هەردو ڕەگەز وەکیەک بەشداری لەکایەکانی کۆمەڵگە بکەن، ئەوا ڕوبەڕوبونەوەکان لەنێوانیاندا زۆردەبن. ئەمەش دەبێتە هۆی دابەشبونی ڕۆڵەکان، یان چەند شێوەیەکی دورەگ و نارەسەن لە دابەشکردنی ڕۆڵەکان لەنێوان پیاو و ئافرەت دروستدەبن (بیک:٢٠٠٩، ٢٨٦).

سەبارەت بەمشتومڕ و بۆچونە جیاوازەکانی تیۆرەکانی فێمینیزمیش، چەندین بۆچون دەخەینەڕو، ئەوانیش:

## یەکەم: فێمینیزمی لیبڕاڵی و فێمینیزمی دوای نوێگەریی:

فێمینیزمی لیبڕاڵی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کەوا هەمو تاکێک دەبێت مافە تاکەکەسیەکانی بۆ دەستەبەربکرێت و دەرفەتی یەکسانی بۆ برەخسێت، کە بنچینەی دادگەری کۆمەڵایەتییە. ئەم بزوتنەوەیە باوەڕیوایە هۆکاری شوێنکەوتەیی ئافرەت بۆ جیاکاری ڕەگەزی دەگەڕێتەوە، کەوا ڕێگربوە لەبەردەم ئافرەت تا بەشداریەکی

دادگەرانە لە بوارەکانی کۆمەڵگە بکات. ئەمەش بەهۆی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە بوە، کە لەبەرژەوەندی پیاو کراوە. (السالم: 1997، 75) هەروەها لایەنگرانی تیۆری فێمینیزمی لیبرالی داکۆکی لەئازادی ئافرەت دەکەن، بەوپێیەی مرۆڤ بەئازادی لەدایکبوە و بەئازادیش دەبێت درێژە بەژیانی بدات، لەژێر هیچ ترس و فشارێک نابێت بیروباوەڕەکانی خۆی دەرببڕێت. بۆیە پێویستە ئافرەتیش هەمو ئەو ئاستەنگانەی لەکۆمەڵگە دێنە بەردەمی لاببرێن، ئەمەش لەڕێگای یاساکانی نێو کۆمەڵگەوە دەبێت، تا جیاوازییەکانی لەگەڵ پیاو نەمێنن (حەسەن:٢٠١٠، ٨١).

هەرچەندە هەندێک لە بیرمەندانی لیبراڵی نوێگەر، وەک (ڕۆجێر ئیسکرۆتۆن و نۆرمان تیبیت) باوەڕیان بە ئازادی ڕەهای تاک هەبو، بەڵام زیاتر ئەم ڕەوتە هزرییە گرنگی بە ئازادی ئابوری دەدا، چونکە بازاڕی ئازاد کاریگەریەکی لەڕاددەبەدەری کردبوە سەر هەمو جیهان لەم سەردەمە نوێیەدا. لەگەڵ ئەوەشدا بزوتنەوەی لیبراڵی مۆدێرن بزوتنەوەیەکی ڕەوشتی و ڕۆشنبیری لە بنچینەدا ئابورییە، هەروەها ئەو بزوتنەوەیە باوەڕێکی تەواوی بەوە هەیە، کەوا سەرمایەداری تاکە سیستمی کۆمەڵایەتی- ئابورییە بتوانێت ئازادی تاکەکەس دەستەبەربکات (عبدالجواد:٢٠١١، ٨٠).

لێرەدا یارانی تیۆری فێمینیزمی لیبراڵی ئەو بۆچونە ڕەتدەکەنەوە، گوایە توانای هزری و جەستەیی ئافرەت بەسروشت لە توانای پیاو کەمتر بێت، بۆیە ئافرەت لە ناوەندە ئەکادیمی، ئابوری، سیاسییەکان و ژیانی گشتی دورخراوەتەوە. هەر ئەم بۆچونەش بوەتە ڕێگر لەبەردەم توانای ڕاستەقینەی ئافرەت. بۆیە لیبرالەکان باوەڕیانوایە ئەگەر هەمان دەرفەت بۆ ئافرەت برەخسێت لە بوارە جۆراوجۆرەکان، کەوا بۆ پیاو ڕەخساوە، ئەوا شتێکی سروشتییە ئافرەتیش بەڕێژەی پیاو پێشبکەون (المساعد:٢٠٠٦، ٧-٨،).

لە بەرامبەردا فێمینیزمی دوانوێگەری جەخت لەسەر سێکس و جێندەر بەیەکەوە دەکاتەوە، بەوپێیەی هەردوکیان شیاوی گۆڕانن. هەروەها هەمو دروستکراوێکی کۆمەڵایەتی و کولتوری ڕەتدەکاتەوە لەهەر سەردەمێکی مێژویی یان ئێستا هەبوبن، بەوپێیەی سێکس و جێندەر هەردەم لە گۆڕانی بەردەوامدابون، و هیچ کاتێک فۆرمولە نەبون و نابن. نەک هەرئەوەش، بگرە هیچ کاتێک ناسنامەیەکی پیاوانە یان ئافرەتانەی نەبوە . (Lorber: 2000, 78) ئەم تیۆرە وایدەبینێت، بەهۆی ئەو جیاوازیە زۆرەی لەنێوان پیاوان و ئافرەتان هەستیپێدەکردێت، کێشەکانیش یەکلایەنە نین و بەپێی جیاوازی کولتوری و شوێنی جوگرافی دەگۆڕدرێن. بۆیە کێشەکان لە یەکخاڵدا کۆناکرێنەوە، بەڵکو دەبێت ئافرەتان خۆیان هەوڵبدەن مافەکانیان لەهەر شوێنێک دەستەبەربکەن (حەسەن: ٢٠١٠، ٨٢).

(جودیس بوتلەر)Judith Butlerیش لەلای خۆیەوە لەسەر هەمان ڕێبازی (میشێل فۆکۆ) دەڕوات، و پێیوایە گوتاری باوی سەردەم ڕۆڵی بنچینەیی دەگێڕێت لە تێڕوانینی مرۆڤ بۆ هەر بابەتێک، دەڵێت گوتار ئەو ئامرازەیە، بەهۆیەوە ئێمە لە ماهیەتی جەستە تێدەگەین، کەواتە جۆری ڕەگەز هەر لەسەرەتاوە پێناسەکراوە. وەک ئەوەی فۆکۆ ناوی لێناوە (نمونەی باڵای ڕێکخستن). لێرەدا فۆکۆ پێیوایە گوتاری سیاسی وەک هێزێکی بەرهەمهێن دەردەکەوێت

و جۆری جەستە بەرهەمدێنێت کە مەبەستیەتی، بەمشێوەیە ڕەگەزایەتی وەک نمونەی باڵای ڕێکخستن دەگۆڕدرێت بۆ شێوەیەکی مادیەگەری بەشێوەیەکی زۆرەملێ بەپێی تێپەڕبونی کات، بەهۆی زۆر دوبارەبونەوەی ئەو پێوەرە زۆرەملێیە. بەڵام (بوتلەر) دەڵێت، مانای ئەوەنییە هەمو شتێک بەهۆی گوتار دەسەپێنرێت، بەڵکو ناتوانین گوتار لە بەماهیبونی جەستەکان جیابکەینەوە. (بارکر: 2006، 159-158).

بۆچونەکانی (سیمۆن دی بۆڤوار)یش، کە لەپەرتوکی (ڕەگەزی دوەم) خستویەتەڕو، بونە بنەمایەکی گرنگ لەتیۆری فێمینیزمی دوانوێگەری. ئەم تیۆرە ئیلهامی لەتیۆرەکانی دوای بونیادگەری وەرگرت، کە لەلایەن (لاکان و دریدا J. Lacan and J. Derrida) پەرەپێدرا، هەروەها بە سودوەرگرتن لە ئاراستە تیۆریەکەی بونگەرایی (سارتەر)[٢] هەوڵیدا ڕۆڵی هەریەکە لە پیاو و ئافرەت شیبکاتەوە. چونکە لەڕوانگەی (سارتەر) مرۆڤ سروشتێکی هەتاهەتایی نییە و هەریەکێک لەئێمە ئەو شتەین، کە خۆمان هێناومانەتە ئاراوە. بۆیە ئەم بابەتە سەبارەت بە پیاو و ئافرەتیش ڕاستە، و ناکرێت هەتاهەتایە بەسروشتێکی جێگیر و لەقاڵبدراو دیاریبکرێن (شاهندە: ٢٠٠٦، ٢٠-٢١، المساعد:٢٠٠٦، ٦٣-٦٤)

بەڵام ڕێبازی ناوەڕۆک، پێچەوانەی ئەو بۆچونەیە، کەوا هەریەک لە فێمینیزمی لیبراڵی و فێمینیزمی دوانوێگەری خستویانەتەڕو، و وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، کە ئاخۆ ئافرەت چییە؟ دەڵێت ئافرەت ڕەنگدانەوەی ناسنامەکەی پەیوەستە بەبایۆلۆژیا یان شێوازە گشتییەکانی کولتور. هەندێک لە نوسراوەکانی بزوتنەوەکانی ئافرەتان وەک پەرتوکی (زەوتکردنی ژیانی چەتەگەری) کە کۆلارد و کۆنتروسی (Collard and contrucci) لەساڵی 1986 نوسیویانە، دەڵێن ئافرەت پەیوەستبوە بە ژینگە سروشتییەکەی و ئەو بەهایانەی بۆی دیاریکراون بەهۆی جەستە بایۆلۆژیەکەی، کە توانای وەچەنانەوەی هەیە و پەیوەندی بە زکماکی ئافرەتەوە هەیە، واتە سەرچاوەی جیاوازییەکانیان بریتییە لەدایکایەتی ئافرەت. (بارکر: 2006 ، 149).

بەگشتی فێمینیزمی دوانوێگەری سەبارەت بە باڵادەستی پیاو بەسەر دەستەڵاتی ئافرەتدا بۆئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە گوایە هۆکاری کۆمەڵایەتی وایکردوە ئەم جیاوازیە لەنێوانیان دروستبێت و هیچ پەیوەندی بەلایەنی بایۆلۆژیەوە نییە. ئەم گریمانەیە بەڕای توێژەر لاوازە، چونکە ناکرێت لایەنی بایۆلۆژی بەتەنیا خوێندنەوەی بۆبکەین و نەیبەستینەوە بەلایەنی کۆمەڵایەتی، دەرونی، سیاسی و کولتورییەوە...هتد. چونکە پەیوەندییەکی زۆر بەهێز و توندوتۆڵ لەنێوان ئەو لایەنانەی سەرەوە هەیە، و بەشێوەی پەیژەیی یان تۆڕئاسا پەیوەندی دروستدەکەن و لەیەکتردانەبڕاون.

جگە لەمەش سەبارەت بە چەوساندنەوەی ئافرەت لەلایەن پیاو، تەنیا کێشەکە لەنێوان دوانەیی پیاو و ئافرەت نییە، بەڵکو کێشەکە گشتگیرە لەنێوان هەموان و دژی هەموانە. لەلایەکی تریشەوە ململانێیەکی دوانەیی هەیە، ئەویش وەک دوانەی بەهێز و بێهێز، نێر و مێ، دەوڵەمەند و هەژار، سپیپێست و ڕەشپێست، چاکە و خراپە، دز و دەستپاک و..هتد. سەرەنجام ململانێیەکی بەردەوام لەنێوان چاکە و خراپە بەبەردەوامی هەیە، کە بەشێوەی دوانەی

لێکدانەبڕاو بەردەوام و بۆ هەتاهەتایە بەرەنگاری یەکتر دەبنەوە، ئەمەش واتای ڕەوشتی مرۆڤ بەشێوەی جیاواز دەنوێنێ.

بۆ نمونە (ماشیۆن) تیشکدەخاتە سەر بواری سیاسی و نمونە بەکایەی سیاسی دێنێتەوە و دەڵێت هەندێکجار ئەو جیاوازیانەی نێوان هەردو ڕەگەز لەهەندێک بواری وەک سیاسی بەڕونی هەستی پێدەکرێت، بەتایبەت لەئاراستەی سیاسەتکردنیان. بەگشتی ئافرەتان زیاتر مەیلیان بۆ پێگە لیبراڵی و میهرەبانییەکان هەیە، وەک فراوانکردنی پرۆگرامە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەهۆیانەوە یارمەتی هەژار و لێقەوماوان دەدرێت. لەبەرامبەردا، پیاوان زیاتر مەیلیان بۆ پێگە خۆپارێزییەکان هەیە، وەک بونیادنانی هێزی سەربازی پتەوتر. ئەم جیاوازیە ڕەگەزییە لەئاراستەی سیاسی و مەیلی سیاسی پێی دەگوترێت بۆشایی ڕەگەزی (Macionis: 2015, p320-321).

بۆیە بەرای (ماشیۆن) پێویستە هەردو ڕەگەز بۆ هەرکارێک بەشدارییبکەن، بەڵام جۆری بەشدارییەکەیان جیاوازتر دەردەکەوێت و ئەمەش سود بە پرۆسەکە دەگەیەنێت. چونکە بەرهەمی پرۆسەکە جیاوازتر دەبێت لەبەر جیاوازی کردەی نێوان نێر و مێ. هەروەک لە ئەنجامەکانی توێژینەوەی هەردو توێژەر (ئەنتیل و وۆکینگهام) Antill and Gunningham لەساڵی 1982 ئاماژە بەوەکراوە، ئافرەت لەخێرایی هەستیاریدا و لەتاقیکردنەوەی پێوانەی ورددا بەهێزترن وەک لە پیاوان. هەروەها هەندێک جیاوازی لەئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتون لەهەندێک بواردا پەیوەندی بەجیاوازی بایۆلۆژیەوە نییە، بەڵکو بەهۆی گرنگینەدانی ئەو کەسەیە یان ئەو گروپەیە بۆ بوارەکە. (Macionis: 2015, p320)

(میل)یش لەلای خۆیەوە دەڵێت، توانای ئافرەت لەکاروباری سیاسیدا و لەحوکمکردندا سەلمێندراوە، کەچی دەرفەتی زۆرکەمیشیان پێدراوە تا تواناکانیان بسەلمێنن، هەرچەندە لەبواری زانستیدا تواناکانیان وەکپێویست نەسەلماندوە. لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی سەرسوڕهێنەرە ئەو کارەی ڕێگایان پێنەدراوە ئەنجامیبدەن، هەر ئەو کارانەشن کەوا توانیویانە ڕۆڵی کاریگەری خۆیانی تێدا بسەلمێنن لە حوکمڕانیکردن و کاروباری دەوڵەت. هەرچەندە ڕێژەی دەستەڵاتدار و پاشا ئافرەتەکان زۆرکەمتربون لەڕێژەی پیاو لەمێژودا. (مل: 1998، 107). (میل) هەروەها دەڵێت: هیچ کەس ناتوانێت بەدڵنیاییەوە بڵێت ئەگەر ڕێگە بۆ ئافرەت بکرێتەوە و بەئازادی تواناکانی خۆی بەگەڕبخات، دەتوانێت وەک پیاو لەهەمو ڕوەوە یەکسانبێت. بەڵام ئەو جیاوازیانەی لەنێوان هەردو ڕەگەز هەن زۆر کەمن، کە بونەتە جێی مشتومڕ، واتە زۆربەی جیاوازییەکان بەهۆی بارودۆخی ژینگەیی دروستبون، کە کۆمەڵگە بەسەر ئافرەتی سەپاندوە، (مل: 1998، 111).

کەچی (کاسیرین ماکینۆن) Catherine Mackinnon دەڵێت پێویستە کار لەسەر دەرخستنی یەکسانییەکان بکرێت نەک لەسەر جیاوازیەکان، پێیوایە لەڕوی ڕەگەزی، پیاو و ئافرەت جیاوازن. بەڵام لەڕوی جۆریتی هیچ جیاوازیەکیان نییە، تەنیا ئەوە نەبێت، پیاو توانیویەتی بەهۆی هێزی کۆمەڵایەتی کۆنترۆڵی ئافرەت بکات. بۆیە لای (ماکینۆن)

لەڕوی جۆرێتی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی قوچەکی دروستبوە بەبیانوی جیاکاری ڕەگەزی. (بارکر: 2006، 151- 152).

جولیا کریستیڤا Julia kristeva بەپێچەوانەی (ماکینۆن) دەربارەی ناسنامەی ڕەگەزایەتی، دەڵێت: هیچ ناوەڕۆکێک نییە پیاو و ئافرەت، یان نێر و مێ وەکیەک پێناسەبکات، ئەوەش کە دەیەوێت یەکسانیان بکات مانای گەمژەیی خۆی دەردەخات. بەڵکو پێویستە ئێمە هاوسەنگی لەسەر بنچینەی جۆرایەتی دروستبکەین، بۆیە پێویستە بانگەشەی بزوتنەوەی ئافرەتان بۆ مەبەستی سیاسی، واتە (ناوەڕۆکی ستراتیژی) ڕێکبخەین. مەبەستی (کریستیڤا) ئەوەیە، کە ناسنامەی ڕەگەزایەتی ناوەڕۆکی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی نواندنییە، بەوپێیەی کاتێک منداڵی ڕەگەزی مێ لەدایکدەبێت لەلایەن خێزان و کۆمەڵگەش وەک تاکێکی پەراوێزخراو هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، ئەمەش بەهۆی ئەو سیستمە هێماییە باوکسالاریەیە پیاو بەرهەمیهێناوە. (بارکر: 2006، 156-155).

لێرەدا توێژەر زیاتر مەیلی بۆ تێروانینی فێمینیزمی دوای نوێگەری هەیە نەک فێمینیزمی لیبرالی، چونکە ئاشکرایە باوەڕ و پێوەرە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان لە بونیادنان و ڕەوایەتی هەر چەمکێک هەیە، زۆرجار ئەو گوتارە باوەی لە کۆمەڵگەیەک زەق دەکرێتەوە، لەوانەیە بۆچونی کەمینەیەک بێت و بەهۆی باڵادەستییان دەتوانن بەشێوەی زۆرەملێ یان ڕەوایەتی پێدان لەڕێی یاسا و ڕاگەیاندنەکان پشتیوانی بۆ زیاتر بکەن. واتە پێوەر و بەهاکان دەستکردی مرۆڤن، و دەکرێت بونیادی نەبن، بەڵکو مەرامی سیاسی یان ئایدیۆلۆژی لەپشت بێت. هەرچەندە مانای ئەوەش ناگەیەنێت ئێمە ڕەتی هەر دروستکراو یان چەمکێک بکەینەوە، بەڵکو لەوانەیە هەندێک چەمک بنەڕەتیبن و لەهەمو سەردەم و شوێنێک گونجاوبن یان سود بە مرۆڤایەتی بگەیەنن.

## دوەم: فێمینیزی لیبرالی و فێمینیزی ڕادیکاڵی:

سەبارەت بە تیۆرە ڕادیکاڵەکان، لەسەر بنچینەی چەمکی ململانێی چینایەتی سەریانهەڵداوە، جەخت لەسەر سیستمی هێز و نایەکسانی لەکۆمەڵگەدا دەکەنەوە، بۆیە داوای سەرلەنوێ دابەشکردنێکی یەکسانی سامان و تواناکان بۆ هەردو ڕەگەز دەکەن. هەروەها ئاماژەش بەوە دەکەن کە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە کردارەکانی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی، کەوا نایەکسانی لەنێوان پیاو و ئافرەت دروستکردوە. ڕادیکاڵەکان دەڵێن ئەوەی هێزی زیاتری لەبەردەستە، بۆ بەرژەوەندی خۆی سودی لێدەبینێت، و هەرئەمەش وایکردوە ڕەگەزی نێر زاڵبکرێت بەسەر ڕەگەزی مێ. (السالم: 1997، ٧٢)

ڕادیکالەکان باوەڕیان وایە سیستمی پیاوسالاری بەرپرسی یەکەمە لە چەوساندنەوەی ئافرەت و بەدیاریکراویش زاڵبونی ڕەگەزی نێرە بەسەر ڕەگەزی مێدا، هەرئەم زاڵبونەش بوەتەهۆی بەهێزی و هەژمونداری ڕەگەزی نێر.(السالم: 1997، 76).

بۆ پشتیوانی فێمینیزمی رادیکالی، بەگشتی زۆربەی تێڕوانینە زانستییەکان بەپێویستی دەزانن ئافرەت بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەپیاو جیاوازبن، بەهۆی زمان و کولتوریان، وەک ئەوەی دالی (Daly ) لەساڵی 1987 پەیوەندیەک دروستدەکات لەنێوان ئافرەت و سروشتدا، جەختدەکاتە سەرئەوەی کە تەنیا لایەنی بایۆلۆژی و سایکۆلۆژی ئافرەت جیاوازییان دروستنەکردوە، تەنانەت لێکترازانی ئافرەت و کولتوریش ڕۆڵی لەخوڵقاندنی جیاوازییەکان هەبوە. واتە ئەو زمانە کولتورییەی ئافرەتی پێوەسفکردوە و کاریگەری لەسەر ئافرەتەکە دروستکردوە، شێوەیەکە لەشێوەکانی ناوەڕۆکی کولتوری زیاتر لە ناوەڕۆکی بایۆلۆژی. (بارکر: 2006، 149)

بەپێچەوانەی دالی (Daly)، ئالکۆف (Alcoff) لەساڵی 1989 وایدەبینێت، هەر جەختکردنەوەیەک لەسەر کەسایەتی مێینەی تایبەت بە ئافرەت، واتە هەڵەکردن دەربارەی ئافرەت، نەک هەر لەبەرنەبونی بەڵگەی حاشاهەڵنەگر لەسەر جیاوازی زکماکی، تەنانەت بەڵگەی سیاسیش دەستناکەوێت. دەکرێت لەڕێگەی کایەی سیاسی قەڵایەکی پۆڵایین دروستبکرێت بەهۆیەوە ئافرەت خۆی بپارێزێت لەو چەوسانەوەیەی بەهۆی جیاکاری ڕەگەزی خوڵقێنراوە.(بارکر: 2006، 149)

لێرەدا ڕادیکاڵەکان باوەڕیانوایە، ڕەخساندنی کەشێکی یەکسان لەنێوان هەردو ڕەگەز لەڕێی گۆڕانکاری لەدامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بەدەستناهێت، یان بەهۆی گۆڕانکاری یاساکان کە هەر لەبنچینەدا لەخزمەتی بەرژەوەندییەکانی پیاودان، هەروەها دامەزراوە جێبەجێکاریەکانیش لەژێر هەژمونی پیاودان و سەنتەری هێزی پیاوانن. بۆیە چارەسەر بۆ ئەم دۆخە نایەکسانە، دروستکردنی تۆڕێکی گەورەی ڕێکخراوە لۆکاڵییەکانە، خاوەن ناسنامەی مێینەبێت، بۆ بەرەنگاربونەوەی دامەزراوەکانی ڕەگەزی نێر. (السالم: ١٩٩٧، ٧٦)

تیۆری فێمینیزمی رادیکاڵی زیاتر گرنگی بەپرەنسیپی بابەتەکان دەدات و باوەڕیوایە هەر لەبنەڕەتدا پیاوان هەوڵی داگیرکردنی ئافرەتانیان داوە لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان، بۆیە پێویستە خەبات دژی پیاوان بکرێت(حەسەن:٢٠١٠، ٨٠). فێمینیزمی ڕادیکاڵی باوەڕی وایە سیستمی پیاوسالاری، سیستمی یاسایی یان سیاسی نییە تابتوانرێت پێچەوانەبکرێتەوە، بەڵکو دەبێت ئەم سیستمە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانیش بگرێتەوە، بەتایبەتی دامەزراوەی خێزان، کە دەبێت هەڵبوەشێنرێتەوە (المساعد: ٢٠٠٦، ٢٩).

یارانی فێمینیزی لیبرالی گریمانەی ئەوە دەکەن، سروشتی کۆمەڵگە لەسەر ململانێ و کێبڕکێ دروستنابێت، بەڵکو لەسەر بنچینەی هەماهەنگی و هاریکاری لەنێوان تاکەکان دروستدەبێت، بۆیە لەسەر کۆمەڵگە پێویستە دەرفەتی یەکسان بۆ هەمو تاکەکان بەبێ جیاوازی بخولقێنێت، تا هەرکەسە و گەشە بەتواناکانی بدات تا ئەوپەڕی. ئەم تێڕوانینەی لیبراڵی جەخت لەسەر مافەکانی ئافرەت و پیاو دەکاتەوە لەسەر بنچینەی تاکایەتی.(السالم: ١٩٩٧، ٧١)

هەر بەو بۆنەیەش ڕادیکاڵەکان پێیانوایە پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگەکان یان تێکچون و داتەپینیان، پەیوەستە بەمەودای ئازادی ئافرەت و پێشکەوتنی ئافرەت، یان ڕاددەی چەوساندنەوەی ئافرەت. هەروەها دەڵێن تاکەکانی

کۆمەڵگە بەو ڕوداوانەی لەچواردەوریان ڕودەدەن کاریگەرن. بۆئەوەی بەتەواوکاری کۆمەڵایەتی بگەن، پێویستە دەوڵەت یان دەستەڵاتی سیاسی کار بۆ بەرژەوەندی هەمو تاکەکانی کۆمەڵگە بەیەکسانی بکات.(السالم: ١٩٩٧، ٧٤–٧٥) هەروەها ڕادیکاڵەکان باوەڕیشیانوایە ڕەخساندنی کەشێکی یەکسان لەنێوان هەردو ڕەگەز لەڕێی گۆڕانکاری لەدامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بەدەستناهێت یان بەهۆی گۆڕانکاری یاساکان، کە هەر لەبنچینەدا لەخزمەتی بەرژەوەندییەکانی پیاودان، هەروەها دامەزراوە جێبەجێکاریەکانیش لەژێر هەژمونی پیاودان و سەنتەری هێزی پیاوانن. بۆیە چارەسەر بۆ ئەم دۆخە نایەکسانەش دروستکردنی تۆڕێکی گەورەی ڕێکخراوە لۆکاڵیەکانە، خاوەن ناسنامەی مێینەبێت بۆ بەرەنگاربونەوەی دامەزراوەکانی ڕەگەزی نێر.(السالم: 1997، 76).

توێژەران وایدەبینن هەندێک جیاوازی بنەڕەتی لەنێوان هەردو ڕەگەزی نێر و مێ هەن، کە حاشاهەڵنەگرن، ئەم جیاوازیانەش لەڕوی بایۆلۆژی، فسیۆلۆژی، دەرونی، سیاسی، هزری و ... هتد. بەڵام جیاوازییەکان زۆر کەمترن لەوەی کە ئێمە دەیزانین و دروستمان کردون، هەروەها بونی جیاوازی لە هەر بوارێک و بابەتێک، مانای بێبەشبون یان دورخستنەوەی ڕەگەزەکەیتر ناگەیەنێت، بەڵکو وەک دوانەیەک هەردو ڕەگەزەکە پێویستە بەشدارییان هەبێت، بەڵام هەریەکە بەپێی میکانیزم و شێوازی خۆی ڕۆڵی لەو بوارە هەبێت.

## سێیەم: مشتومڕی بزوتنەوەکانی فێمینیزم سەبارەت بە خێزان:

(ئۆلریخ بیک) پێیوایە، یەکێک لەزەقترین خاڵە ناکۆکەکانی نێوان تیۆرەکانی فێمینیزم بابەتی خێزانە، بەریەککەوتن و دژیەکی چینایەتی لەنێوان پیاو و ئافرەت لەوکاتەی کەوا چینی کرێکار لەڕوی مایەگەرییەوە هەژاربو و داهاتێکی کەمی لەبەرامبەر کارێکی زۆر دەستدەکەوت، هەروەها لەوکاتەی خێزانی نەریتی لاوازبو، هەر ئەوکاتە متمانەی هەردو هاوسەریش لاوازبو، هەریەکە لەدو هاوسەرەکە لەپێناو هەندێک ئازادی تێدەکۆشان. ئەو بەریەککەوتنەی نێوان هاوسەران، جیاوازە لەهەردو بارەکەی تری بەریەککەوتنی چینایەتی، کە بەهۆی سیستمی پیشەسازی دروستبو، هەروەها جیاوازیش لەو بەریەککەوتنەی بەهۆی پاشماوەکانی خێزانی نەریتی هەبون. بەڵکو لەوکاتە سەریهەڵدا کە ئافرەت سەرەڕای کاری ناوماڵ، کارێکی تری لەدەرەوە چنگکەوت. هەر ئەو دۆخەش وایکرد، چەند بارێکی ڕیزبەندی کۆمەڵایەتی –پیشەسازی لەمنداڵدانی نوێگەری بونیادبنرێت. بنچینەی تەنگژەکە بریتییە لە بەریەککەوتنی نێوان نوێگەری و دژەنوێگەری لەنێو کۆمەڵگەی پیشەسازییدا. (بیک:2009،282 –280 ) چونکە هەرکاتێک باسی خێزان بکرێت، پێویستە باسی کارکردن و داهاتیش بکرێت، هەرکاتێکیش باسی ژیانی هاوسەرگیری بکرێت، پێویستە باسی بەریەککەوتنی دۆزی شیاوی و پیشە بکرێت. واتە پێویستە باسی نایەکسانی کاردابەشکردن بکرێت لەنێوانیاندا (بیک:2009، ٢٥٦)، بۆیە زۆر لە ئابوریناسان پێیانوایە هاوکێشەی کارکردنی ئافرەت و بونی داهاتی تایبەت بەخۆیان، واتە ئازادبونی ئافرەت دەگەیەنێت، و ڕزگاربونیەتی لەدەستی پیاوسالاری و باوکسالاری. (فیشتریش: ٢٠٠٢، ٤١) هەر بەو بۆنەیەوە ساڵی (١٩٩٥) نەتەوە یەکگرتوەکان لەڕاپۆرتەکەی

جەختی لەسەرئەوە کردەوە، کەوا گەشەی ئابوری مەرجێکی گرنگی باشتربونی دۆخی ئافرەتبو لەجیهاندا، بەڵام تەنیا ئەو مەرجە بەسنیە. توانرا ئافرەتان لەنێو بازاڕی جیهانی شوێنی کارکردنی زیاتریان لەپیاو دەستبکەوێت، بەڵام لەبەرامبەردا بەکرێیەکی کەمتر و جۆری کارکردنی نزمتر(فیشتریش: ٢٠٠٢، ٤٥).

هەر سەبارەت بە بابەتی خێزان، لایەنگرانی فێمینیزمی سۆسیالیستیش بەهەمانشێوەی فێمینیزمی ڕادیکاڵی لەپێناو دوبارە دابەشکردنەوەی سامان، دەستەڵات و یەکسانی کۆمەڵایەتی تێدەکۆشان، کەوا بەهۆی سیستمی سەرمایەداری دروستبوبو. واتە هەردو فێمینیزی ڕادیکاڵی و سۆسیالیستی ڕەتی فێمینیزی لیبرالییان دەکردەوە، کە ئەوەی سێیەمیان پێیوایە دامەزراوەی خێزان پێویستە و دەبێت هەر بمێنێت، و کێشەی ئافرەت دەبێت هەر لەناو خێزان چارەسەربکرێت. کەچی دو تیۆرەکەیتر پێیانوایە، دەکرێت سیستمی خێزان هەڵبوەشێتەوە، چونکە هیچ دامەزراوەیەک نمونەیی نییە و دەبێت بگۆڕدرێت(الخولی، ٢٠١٨: ص٣).

بەڵام فێمینیزمی لیبرالی ڕێز لەخێزان دەگرێت و وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی قبوڵیەتی، هەرچەندە لەنێو کۆمەڵگەدا بەدوای گۆڕانکاریدا دەگەڕێت، دەیەوێت کۆمەڵگە جۆرە خێزانێک لەخۆبگرێت، بتوانرێت واز لەپرۆسەی باوکایەتی و دایکایەتی بهێنرێت، ئەگەر ویسترا کاربکات. (Macionis ,2015, 331)

کەچی فێمینیزمی ڕادیکاڵی هەوڵدەدات دایکایەتی بایۆلۆژی وەلاوەبنێت، لەبەرامبەردا لەجیاتی ئەوەی دایک بەتەنیا هەڵسێت بەڕۆڵی دایکایەتی، دەکرێت منداڵ بەشێوەی پێکەوەیی ئامادەبکرێت، هەروەک ئەو شێوازەی لەمنداڵانی (کیبۆتسی) ئیسرائیلی بەکاردەهێنرێت. (المساعد، ٢٠٠٦: ٣٥-٣٦)

کەچی لەبەرامبەردا (ئۆگەست بیبڵ) August Bebel کە سۆسیالیستێکی ئەڵمانییە، بەدامەزرێنەری فیکری رادیکاڵی دادەنرێت و یەکێک بو لەقوتابیانی (مارکس و ئەنجلیس) و پێیان کاریگەربو، لە پەرتوکێکیدا بەناونیشانی (ئافرەت). باس لەوەدەکات، کە کۆمەڵگەی مرۆیی لەباری پوکانەوە و ناجێگیری دایە، لەداهاتوێکی نزیکدا دەبێتە مایەی لەناوچون، چونکە کۆمەڵگەی مرۆیی لەسەر بنچینەی سەرمایەداری پێکهاتوە و لەڕوی ڕەوشتییەوە تەواو دارماوە. ئەم بارەش زیاتر لەپەیوەندی نێوان پیاو و ئافرەت خۆی دەردەخات، تەنانەت ئەو ڕۆشنبیرانەش کە لەئاستێکی تەواو مەعریفیدان هەستیان پێنەکردوە (ئۆلینگ و مارکس،٢٠٠٢: ١-٣، السالم: 1997، 73- 74).

(ریچارد ئیفانز) ئاماژە بەوەدەکات، کەوا بۆچونەکانی (بیبڵ) هەموی دەربارەی کارکردنە، دەڵێت پێویستە هەمو کەسێک چ نێر بێت یان مێ، جۆری ئەو کارەی دەیەوێت ئەنجامیبدات، ڕێی پێبدرێت بەئازادی مومارەسەی بکات. بەڵام پێیوایە ئافرەت هەر لەسروشتدا بۆ دایکایەتی و پەروەردە گونجاون. هەروەها دەڵێت ئافرەت بۆ ئەو کارانە گونجاونین کە هەوڵ و کۆششێکی زۆری جەستەیی پێویستە، چونکە مێیەتی ئافرەت تێکدەدات.(السالم: 1997، 73-74)

(گۆستاف لۆبۆن)یش لەسەر هەمان بۆچونی (بیبڵ)ە لە پەرتوکەکەی بەناونیشانی (نهێنی پێشکەوتنی میللەتان) باس لەمەزهەبی یەکسانی لەئەوڕوپا دەکات و دەڵێت، ئافرەتان داوای یەکسانی لەگەڵ پیاوان دەکەن لە ماف و

پەروەردەکردندا، ئەمەش وایکرد ئەو دو جیاوازییە گەورەیەیان لەبیرکرد کە لەنێوان هەردو ڕەگەز هەیە، ئەوانیش هێز و عەقڵن. ئەگەر لەکۆتاییدا ئافرەتان توانییان داواکارییەکانیان بەدەستبێنن، پیاوانی ئەوروپی وەک گەڕۆکیان لێدێت، نەماڵ و نەخێزانیان دەبێت بۆی بگەڕێنەوە و هەست بەحەوانەوە بکەن. (السباعی: ١٩٩٩، ١٩٧).

## چوارەم: فێمینیزمی مارکسی و فێمینیزمی سۆسیالیستی:

سەبارەت بە فێمینیزمی مارکسیش، کە لەسەر بنچینەی چینایەتی دامەزراوە و کێشەکان دەبەستێتەوە بەجیاوازی هەردو چینی سەرمایەداری و پرۆلیتارییەوە، پێیوایە کێشەی ئافرەت پەیوەندی بەجیاوازی چینایەتیەوە هەیە، چونکە ئافرەت لەکۆمەڵگەی سەرمایەداری وەک کاڵا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و بەناوی پێشکەوتنەوە کڕین و فرۆشتنی پێوەدەکرێت. بۆیە ئەگەر بمانەوێت ئەم کێشەیەی چەوساندنەوەی ئافرەت بنبڕبکەین، دەبێت لەسەرەتادا کێشەی چینایەتی لەکۆمەڵگەدا چارەسەربکەین(حەسەن:٢٠١٠، ٨١).

لەدیدی فێمینیستە مارکسیەکان دیاردەی پیاوسالاری و دەستەڵاتی پیاو بەسەر ئافرەت، زادەی سیستمی سەرمایەدارییە، بەنەمانی ئەم سیستمە کۆتایی بە پیاوسالاری و چەوساندنەوەی ئافرەت دێت، کرۆکی شۆرشگێرانەی مارکسیزم، خەباتی چەوساوەکانە بەسەرکردایەتی چینی کرێکار، بۆ ڕوخاندنی سیستمی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان، و ئەوکاتەی چینی کرێکار خۆی لە کۆتوبەندی سیستمی سەرمایەداری ڕزگاردەکات، لەهەمانکاتیشدا ئەرکی مێژویی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی دەکەوێتە سەرشانی ئەو.

بەڵام تیۆری فێمینیزمی سۆسیالیستی کە لەئەنجامی بێزاری هەندێک لە فێمینیستە مارکسییەکان سەریهەڵدا و ڕەخنە لەتیۆری فێمینیزمی مارکسی دەگرێت بەوەی، کە ئەوەی دوەمیان نەیتوانی لەبیری دابەشکردنی رەگەزی و دۆخی نزمی ئافرەتان تێپەڕبکات، چونکە فێمینیزمی مارکسی لەو باوەڕەدابو چەوساندنەوەی ئافرەت هاوتانیە لەگەڵ چەوساندنەوەی چینی پرۆلیتاریا لەلایەن بۆرژوازەکانەوە. بەڵکو فێمینیزمی سۆسیالیستی مۆدێرن ئەو قەناعەتەی بۆ دروستبو، کەوا ئافرەت تەنیا لەنێو کۆمەڵگەی چینایەتی کە مارکس مەبەستیەتی ناچەوسێتەوە. باوەڕیانوایە لەسایەی دەوڵەتی شیوعی پێش هەرەسهێنانی بلۆکی ڕۆژهەڵات چونە نێو بازاڕی کارکردن. بەڵام هێشتاش لەژێر دەستەڵاتی پیاوسالاری لەناوەوە و دەرەوەی ماڵ دەچەوسێنرانەوە. بۆیە فێمینیزمی مارکسی ناتوانێت ڕاڤەیەکی لۆژیکی و کردەیی بۆ ئەم دۆخەی ئافرەت بخاتە بەردەست (المساعد:٢٠٠٦، ٥١-٥٢).

## پێنجەم: فێمینیزمی بەجیهانیبو و فێمینیزمی ئیسلامی:

هەریەک لەتیۆرەکانی فێمینیزمی بەجیهانیبو و فێمینیزمی ئیسلامی لەمدواییانە سەریانهەڵدا، سەبارەت بەفێمینیزمی ئیسلامیی کە چەندین کاری جیاواز لەئەدەبیاتی ئەم جۆرەیان ئەنجامدراون، هەندێک لەو کارانە تەنیا جەخت لە قورئانی پیرۆز و تەفسیرەکەی دەکەنەوە، وەک کارەکانی (ئامینە وەدود، ئەسماء برلس و ئەمیمە

ئەبوبەکر). لەبەرامبەردا هەندێکیتر جەخت لەسەر قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ) بەیەکەوە دەکەنەوە، ئینجا زانستە تەئویلیەکانیان. کەچی هەندێکیتر پێیانوایە تەنیا جەخت لەسەر توێژینەوە و پێداچونەوە بە توراثي فیقهی و قوڵبونەوە (استنباطی)ی فەقیهەکانی سەرەتایی بکرێتەوە، کەوا حوکمەکانی هاوسەرگیری و جیابونەوە، بەخێوکردن و میرات و هیتری تایبەت بەکاروباری خێزانداری، ماف و ئەرکەکانی ئافرەت لەخۆدەگرن. ئەم کارانە لەسەردەستی هەردو نوسەر (زیبا میر حوسێنی و کیشیا عەلی) ئەنجامدراون. ئەم کارانەیان دیراسەی مێژوی شیکاری لەخۆدەگرێت کەوا فەقیهە سەرەتاییەکان بەکاریاندەهێنا لەڕێی ئامرازی قوڵبونەوە (الاستنباط). (ابوبکر:٢٠١٣، ١٣٧)

بەگشتی فێمینیستە ئیسلامیەکان وایدەبینن خودی ئیسلام نەبوەتە بەربەست لەبەردەم ئازادییەکانی ئافرەت، تەنانەت ماف، ئازادی و جیاوکەکانی بەئافرەتداوە. بەڵکو بەربەستەکانی بریتین لەو تەفسیرە هەڵانەی بەنەزانی لەلایەن پیاوان بۆ قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ) کراون. واتە فێمینیستە ئیسلامییەکان دەیانەوێت ئەوە بەدەستبێننەوە، کە لەبنەڕەتدا ئیسلام بەئافرەتی بەخشیوە، نەک ئەو داواکارییانەی لەدەرەوەی سنوری ئاینی ئیسلام هەن.(کرام و اخرون:٢٠١٦، ١٤)

یەکێکیتر لەو مشتومڕانەی فێمینیزمی ئیسلامی دروستیکردوە ئەوەیە، هەندێک لەبیرمەندانی داکۆکیکار لەفێمینیزمی ئیسلامی وەک بەدران و کۆک ((M. Badran and M. Cooke دەڵێن فێمینیزمی ئیسلامی خۆرسکانە لەناو جیهانی ئیسلامیدا دەرکەوتوە، چونکە پێیانوایە هەندێک بابەتی وەک عەورەت، حیجاب و فرەژنی بریتین لەچەند بابەتێکی جیهانی هاوبەش کە لەسەر بنچینەی بەها، نەریت، کولتوری ناوچەیی و ئایینی بونیادنراون. کەچی هەندێکیتر وایدەبینن چەمکێکی ڕۆژئاواییە و هاتۆتە ناو جیهانی ئیسلامی. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بگوترێت فێمینیزمی ئیسلامی ڕوخسارێکی گشتی لەهەریەک لەفێمینیزمی لیبراڵی، رادیکاڵی، سۆسیالیستی و مارکسی وەردەگرێت(المساعد: ٢٠٠٦، ٧٤-٧٦) کەچی فێمینیزمی کولتوری یان بەجیهانیبو، دەیەوێت هەمو تیۆرەکانی فێمینیزم لەژێر یەک چەتر کۆبکرێنەوە، بەو پێیەی هەمو ئافرەتان لەهەر شوێنێکی جیهاندابن لەیەک پێگەی زوڵم و ستەمی پیاوسالاریدا دەژین، بەڵام شێوەژیانی ئافرەتان بەپێی جۆری ڕەگەز، نەتەوە یان پێگە و چین جیاوازن لەچەوسانەوە. بۆیە ناتوانین لەچەوساندنەوەکانی ئافرەت بەتەواوی تێبگەین، ئەگەر ئەم جیاوازیە لەبەرچاونەگرین. بەمانایەکیتر سیستمەکانی پلەبەندی فرەڕون و کاریگەری جیاوازیشیان لەسەر ئافرەت لەشوێن و کاتی جیاواز جێهێشتوە(Macionis: 2015,332).

بۆیە فێمینیزمی بەجیهانیبو هەوڵدەدات سیستمە باوەکانی هەمو ئافرەتانی جیهان بناسێنێت یان بیاندۆزێتەوە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پێگە و دۆخە جیاوازانەی ئافرەتانی تێدایە لەنەتەوە جیاوازەکان، ئینجا هەمو بۆچون و تیۆرە جیاوازەکان بەلاوەبنرێن و لەسەر بنچینەی بەجیهانبون کۆبکرێنەوە. مانای وایە ئەو شێوەژیانەی ئافرەتان لەو کۆمەڵگایانە هەیانە، کە بەکۆمەڵگە داهاتبەرزەکان ناسراون، بەهۆی سیستمی ئابوری سەرمایەداری هاتۆتەبون،

جیاوازە لەو شێوەژیانەی ئافرەتانێک لەکۆمەڵگە داهاتنزمەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن، کە بەهۆی چەوساندنەوەی ناوچەیی، یان نەتەوەیی و ناوخۆیی لۆکاڵی هاتۆتەبون(Macionis:2015,332). بۆ نمونە کێشەکانی فێمینیزمی ڕۆژئاوا لەگەڵ کێشەکانی فێمینیزمی ئیسلامی تاڕاددەیەک جیاوازن. بەوپێیەی چەوساندنەوەی ئافرەت لەرۆژئاوادا خۆی لەچەمکی جیاکاری ڕەگەزی و چەمکی جیاوازی چینایەتی دەدۆزێتەوە، کەچی لەجیهانی ئیسلامیدا جگە لەو دو چەمکەی سەرەوە، پەیوەستیشن بەچەوساندنەوەی ئافرەت لەژێر ئیمپریالیزم (المساعد: ٢٠٠٦، ٧٠).

هەروەها هەندێک لەبیرمەندە ئیسلامییەکان کێشەی فێمینیزمە ئیسلامییەکان لەسەر ئاستی هزری دەبەستنەوە بە بەهێزی ئیسلام و باری ئافرەت لەم کۆمەڵگەیەدا، چونکە کۆمەڵگەی ئیسلامی بەرهەمی مێژوە و پشت بەدەقە ئاینییەکان دەبەستێت(المساعد:٢٠٠٦، ٧٦). هەروەها ئەو بزوتنەوە رەوتە هزرییە پێیوایە، ئافرەت و پیاو تەواوکەری یەکترین نەک یەکسانبن، چونکە ئیسلام مافەکانی بەیەکسانی بەسەر هەردو ڕەگەز بەخشیوە، بەڵام هەر ڕەگەزێک ڕۆڵ و پەیوەستی (ئیلتزام) جیاوازی پێبەخشیون. بۆیە پێیانوایە بیرۆکەی یەکسانی لەنێوان هەردو ڕەگەز بیرۆکەیەکی رۆژئاواییە و خێزانی ئیسلامی لەناو دەبات.(کرام و اخرون:٢٠١٦، ١٦). هەروەک (نەوال سەعداوی) دەڵێت: ناچارکردنی ئافرەت و چەوساندنەوەی، تایبەتنیە بەکۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەم[٣] بەتەنیا، تەنانەت ئەم چەوساندنەوەیە دیاردەیەکی گشتیە و لەهەمو شوێنێکی جیهاندا هەیە و پەیوەندی بەسیستمی سیاسی، ئابوری و کولتورییەوە هەیە. ئەمەش بەهۆی ئەو جیهانبینیەیە کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا لەژێر ناوی بەجیهانیبون و سیستمی سەرمایەداری، چینێک یان توێژێک بەسەر ئەویتردا زاڵدەبێت یان ڕەگەزێک بەسەر ڕەگەزێکیتر. (السعداوی: ٢٠٠٢، ١٥٩)

هەرچەندە ئامانجی فێمینیستە ئیسلامییەکان لەبنەڕەتدا قوڵتر و فراوانترە، ئەویش ئەوەیە، گفتوگۆ لەنێوان جیهانی باکور و جیهانی باشور دروستبکەن، بەوپێیەی فێمینیستە ئیسلامیەکان توانای ئەوەیان هەیە ڕەوتێکی بنەڕەتی بخەنەڕو، تا ئەو ڕاددەیەی فێمینیستە رۆژئاواییەکان پێداچونەوە بەپەیوەندی رۆژئاوا بەئایین کە پەیوەندیەکی شلەژاو و خراپە بکەن. کەوا ڕەتی هەر وشیاریەکی ئاینی دەکەنەوە بۆ دەستەبەری ماف و ئازادیەکانیان. ( عطیة: ٢٠١٩، ١٠٣)

دەکرێت فێمینیزمی بەجیهانیبو وەک ئاراستەیەکی گشتی لە سەرتاسەری جیهان کاری لەسەر بکرێت، تا بتوانرێت ئەو کێشە و گرفتانەی بەشێوەیەکی هاوبەش لەنێو کۆمەڵگەکانی جیهان هەن سەبارەت بە دۆخی ئافرەت، خوێندنەوەی سەرتاپای بۆ بکرێت، چونکە هەندێک بابەتی هاوبەش لە هەمو کۆمەڵگە و سەردەمە جیاوازەکان هەستیان پێدەکرێت. بەڵام لەلایەکیتر ناکرێت کێشەکانی ئافرەت لە هەمو بوارێک وەکیەک تەماشا بکرێن، بەڵکو بەپێی ژینگەی کۆمەڵایەتی، کولتوری، سیاسی و ئایدیۆلۆژی کێشەکانیش جیاوازن، بۆیە پێویستە چەندین میکانیزمی جیاواز، بەڵام لەژێر سایەی یەک هێزی فێمینیستی جیهانی، کار لەسەر دۆزی ئافرەت بکرێت. بۆیە گرنگە فێمینیزمی ئیسلامی یان فێمینیزمی جیهانی سێیەم و هەر بزوتنەوەیەکی تری تایبەت بە ژینگە جیاوازەکان لەبەرچاوبگیرێن،

بۆئەوەی دۆخی ئافرەت لە کایە و بوارە جۆراوجۆرەکان بۆ باشتر بگۆڕێت. بۆنمونە هەندێک چەمکی تایبەت بە جیهانی ئیسلامی و جیهانی سێیەم هەن، کەوا ناکرێت یان ئەستەمە بتوانرێت خوێندنەوەیەکی ڕۆژئاوایی بۆ بکرێت، ئەوانیش بابەتی حیجاب، عەورەت، هاوسەنگی، میرات و هیتریش.

## تەوەری دوەم: هەوڵەکانی ڕەوتی فێمینیزم لە چۆنیەتی بەشدارپێکردنی ئافرەت لە کایەی سیاسی:

فێمینیزم لەبنەڕەتدا بزوتنەوەیەکی سیاسیبو، بۆ گەیشتن بە مەرام و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان، مەبەستیان لەچونە نێو کایەی سیاسی بۆئەوە بو، ژیانی ئافرەت باشتربکەن لەنێو سیستەمە سیاسیەکاندا. (الخولی: ٢٠١٨، ٣٥). جیهانیش بەگشتی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و تائێستاش گرنگی زۆری بە کێشەکانی ئافرەتداوە. ئەوەبو ساڵی (1975) بەساڵێکی نێودەوڵەتی بۆ ئافرەت هەژمارکرا، ئینجا ستراتیژیەتێکی سەرپەرشتیاری نێودەوڵەتی دانرا. دواتر لەکۆتایی ساڵی (1985) لەکۆنگرەی (نیرۆبی) تا ساڵی (2000) زیاتر ئەم بابەتە لەبەرچاوگیرا. ئەمەش بەهۆی دیاردەی جیاکاری ڕەگەزی و جیاکاری دژی ئافرەتان و پەراوێزخستنیان لەبوارە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بەگەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری بو (الشکری: ٢٠٠٦، ١٤٨) هەروەها سیاسەتی ئاشتی دیموکراسی و بەمێینەکردنی سیاسەتەکان لەو دواییانەدا لەئەمریکاش زۆر گرنگی پێدەدرێت، وەک بانگەشەی ئاشتی بەهۆی بەمێینەکردنی حکومەتە دیموکراسیخوازەکان، یان بەلایەنی کەم ڕێژەی سیاسەتمەدارە ئافرەتەکان زیادبکرێت. بەتایبەتی لەحکومەتە نادیموکراسیخوزاەکان، هەروەها هەوڵبدرێت ڕەگەزی مێ زیاتر لەبڕیاری سیاسیدا ڕۆڵی هەبێت، ڕا و بۆچونەکانی بەگرنگ وەربگیرێن و زیادبکرێن. (فرج: ٢٠٠٤، ٥٧- ٥٨)

لەو دواییانەدا یەکسانی سیاسی کێشەی گەورەی بەدوایخۆیدا هێناوە، بەتایبەت لەنێوان خۆی و دیاردەی دەستەڵات، چونکە سیاسەت پەیوەندیەکی نایەکسانە لەنێوان خەڵک. چونکە لۆژیکنیە دەستەڵاتی سیاسی ئەمرۆ بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان هاونیشتیمانیاندا دابەشبکرێت، وەک دیارە دەستەڵاتی سیاسی هۆکارێکی گرنگ و کاریگەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیە، چۆن دەکرێت بەیەکسانی لە کۆنترۆڵکەر و لە کۆنترۆڵکراو بڕواندرێت؟(حریق: 2001، 210). کەچی (ئیڤیلین ریید) وایدەبینێت بەشداری کردەیی ئافرەت لە سیاسەتدا دەستەڵات بەرەو مرۆڤایەتی دەبات، و هەنگاوێکی بنچینەییە بۆ بەمرۆڤکردنی دەستەڵات و هەمو کایەکانی تری ژیان. تا زوتر ئافرەت مافەکانی دەستەبەربکرێن، ئەوەندە لەقازانجی بونەوەری مرۆییە و ئاسودەیی بەرپادەبێت.(ریید: ٢٠٠٦، ٩- ١١)

فێمینیستەکان لە (١٩٦٠)ەکاندا دروشمێکیان خستەنێو گۆرەپانی سیاسەتەوە ئەویش، ((ئەوەی دیاردەی کەسیە، سیاسیشە)). ئەم دەربڕینە یەکێکە لەزۆرترین دەربڕینەکان کاتێک باسی فێمینیزم دەکرێت. سەرەتا ئەم دەربڕینە دوچاری نارەزاییبو لەناو ئافرەتانی بزوتنەوەی چەپدا، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە (کەیت میللێت) Kate Millett لەپەرتوکەکەیدا بەناونیشانی (سیاسەتەکانی سێکس) Sexual Politics لەساڵی ١٩٦٩ نوسیویەتی، بۆ ئەوەدەچێت کە سیاسەت هەمو پەیوەندیەک دەگرێتەوە، بەو واتایەی گروپێکی مرۆڤ لەلایەن گروپێکی تری مرۆڤ

کۆنترۆڵدەکرێت (هۆیەر و ئۆسە:٢٠٠٦، ٧٦–٧٧). (میلێت) دەڵێت پەیوەندی سێکسی پێش هەرشتێک پەیوەندییەکی سیاسییە. بۆیە ئەگەر بویسترێت ئافرەت ڕزگاربێت، دەبێت لەدەستەڵاتی پیاوسالاری تایبەت بەسێکس کەمبکرێتەوە، بۆیە زەقکردنەوەی جیاوازی بایۆلۆژی بەوەی کە ڕەگەزی مێ نیشانەی لاوازی ئەو دەگەیەنێت، و ڕەگەزی نێر نیشانەی بەهێزیی نێر و زامنکردنی ڕۆڵی ئەو لەبوارەکانی تری کۆمەڵگە دەگەیەنێت، دەبێت ئەم جیاوازیە نەهێڵدرێت (المساعد:٢٠٠٦، ٣٧–٣٨). هەردو توێژەری فێمینیستی (هۆیەر و ئۆسە)ش پێیانوایە پەیوەندی نێوان سێکس و دەستەڵات لەهەردو ڕوی تیۆری و جێبەجێکردنی سیاسەتدا پشتگوێخراون، هەروەها بەمەبەست سێکس لەنێو ڕۆژەڤی سیاسیدا وەلاوە دەنرێت، کە گوایە هێنانەناوەوەی سێکس، سیاسەتێکی زانستی دروستنییە، بەڵام لەڕاستیدا هەر خودی زانستی سیاسی، سیاسیانەیە. (هۆیەر و ئۆسە: ٢٠٠٦، ٢٩).

هەندێکیش بۆئەوەی دەگەڕێننەوە کە هۆکاری کەمی بەشداری ئافرەت لە ژیانی سیاسی بۆ کاریگەری زۆری بیروباوەڕە ئاینیەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە، کە ڕۆڵێکی باڵایان هەیە لەڕێگریکردن لەئافرەت لەبەشداری و بەدەستهێنانی پێگە سیاسییەکان. (الشکری: ٢٠٠٦، ١٥٠) تا ئەو ئاستەی دەوڵەتانی خۆشگوزەرانی سەرمایەداریش، ئافرەتان پەراوێزدەخەن لەکاروباری سیاسی و کارە گەورەکان، چونکە لەلایەک ئافرەتان زۆرینەی کاروباری کۆمەڵایەتی لەکەرتی تایبەت پێکدێنن، لەلایەکی تریش لەپیشە حکومییەکان ڕێژەیان کەمدەبێتەوە. هەروەها خەرجیەکانیشیان زیاتر لەبواری کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بەکاردەهێنن. (فیشتریش:٢٠٠٢، ١٣٧)

ئەو ڕاستیەش کە ئافرەت لەنێو کایەی سیاسی بێبەشن یان وەک پێویست بەشدارییان پێنەکراوە و پیاو دەستەڵاتی ڕەهای بەسەر سیاسەتکردن هەیە، حاشاهەڵنەگرە. دیموکراسە ڕۆژئاواییەکان لەبەشێکی هەرەزۆری مێژوی خۆیان تەنانەت مافی دەنگدانیشیان بۆ ئافرەتەکانیان بەڕەوا نەزانیوە. هەروەک (براون) دەڵێت سیاسەت بەدرێژایی مێژو، زیاتر لەهەمو چالاکییەکانی تری مرۆڤ، شوناسێکی بەتەواوەتی نێرینەی هەبوە و لەچاو زۆربەی چالاکییەکانی تری کۆمەڵایەتی. (فریدمەن: ٢٠٠١، ٥٦)

بەگشتی تیۆرە فێمینیستیەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئافرەتان وەک گروپ دەستەڵاتی سیاسی و دەستڕۆیشتویان کەمترە لەپیاوان. بۆنمونە سیستمی پیاوسالاری بەشێوەیەکی سیستماتیک ئافرەتی بندەستکردوە. ئەمەش بوەتە هۆی دروستکردنی پەیوەندیەکی قوچەکی لەنێوان ئافرەت و پیاو، لەو قوچەکەدا پیاو باڵادەست و ئافرەت بندەستە و لەبنەپایەی قوچەکەکەدا دەبینرێت. بۆیە بیرمەندی فێمینیستی (ماری هاوکسوۆرث) Mary Hawkesworth دەڵێت، تیۆری فێمینیستی بەشێوەیەکی بنچینەیی گرێدراوی پرۆژەیەکە، ئامانجی گۆڕینی سیستمی پیاوسالارانەی کۆمەڵگەیە. (هۆیەر و ئۆسە: ٢٠٠٦، ٢٩) . هەروەک (گێرانت پاری) Geraint Parry دەڵێت بەشداری سیاسی، واتە بەشدارییە لەهەندێک کردە و کاری سیاسی، کەوا بەشداربو باوەڕیوابێت توانای کاریگەری دروستکردنی هەیە لەبڕیاری سیاسیدا. (سید فهمی: ٢٠٠٧، ٧٠) ئەگەرنا بەشداری ئافرەت لەکایەی سیاسیدا بەبێ

ئەوەی توانای کاریگەری دروستکردنی لەسەر بڕیاری سیاسی بەشێوەیەکی کردەیی هەبێت، تەنیا هێنانەناوەوەی ئافرەتانن بۆ نێو یارییەکی گەورە، کە وەک ئامراز و کاڵا بەکاردەهێنرێن و خزمەت بەدۆزی ئافرەت ناکات و بگرە زیانی بۆ داهاتوی ئافرەت، کۆمەڵگە و خودی سیاسەتیش دەبێت. چونکە بەرای توێژەر هاتنە ناوەوەی رەگەزی مێ بۆ ناو کایەی سیاسی مانای فرەڕەنگی و فرەبیرکردنەوە دەگەیەنێت و خزمەت بەپرۆسەی سیاسەتکردن دەکات، هەروەک (سەید فەهمی) دەڵێت: بەشداری هەردو ڕەگەز لەبڕیارە سیاسییەکان، مانای جەختکردنەوەی باشترکردنی چالاکی مرۆییە بەشێوەیەکی باشتر و کامڵتر، و یارمەتی سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی دەدات، و شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی و ناسەنتەری چالاکتردەکات. ئەمەش دەبێتە هاندانی هەردو ڕەگەز بەهەستکردن بەبونی خۆیان لەنێو کۆمەڵگە و بڕیارەکانیش ئارەزومەندانەتر دەبن و هاونیشتیمانیانیش هەست بەنامۆیی ناکەن.(سید فهمی: 2007، 75).

هەروەها دیوێکی تری سیاسەتکردن زادەی سەر سیاسەتی ئێستای جیهان دەبێت، کە لەئێستادا و لەرابردوشدا سیاسەتکردن تەنیا پەیوەستکرابو بەڕەگەزی نێر و ئەوەی لەنێو رۆژەڤی سیاسی دەگوزەرێت بەهەمو لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی نێر بەرهەمیهێناوە و دەستی ڕەگەزی مێی تێدانییە. بۆیە بە بەشدارییپێکردنی ڕەگەزی مێ لەکایەی سیاسی، واتە دوهێندەبونی هزری سیاسی و دوانەی تێڕوانینی سیاسەتە، وەک هەر دوانەیەکی تری سیستمی گەردونی، کە یاسا گەردونییەکان سیستمی دوانەییان هەیە و هەر ڕەگەزێکی گەردونی ڕەگەزێکی تری گەردونی هەیە و یەکتریان ڕاگیرکردوە، بۆنمونە وزەی گەرمی و وزەی ساردی، وزەی تاریکی و وزەی ڕوناکی، هێزی کێشکردن و هێزی پاڵنان، بونی پرۆتۆن و نیۆترۆن لەنێو گەردیلە، و چەندینیتر وەک دو ڕوی جیاواز و لەگەڵیەکتر هەڵکردو دەردەکەون.

بۆیە بەشدارییپێکردنی ئافرەت لەکایەی سیاسی ئەگەر تەنیا بۆئەوە بێت ئافرەتیش مافی خۆیەتی بەشداری بکات تامافەکانی پارێزراو بن و هەمان ئەو سیاسەتە دەکات کە پیاو دەیکات، ئەوا وەک گریمانەیەکی بێکەڵک و بێهودە دەردەکەوێت، ئەمەش لەبەر دو هۆکار:

١- بونی ئافرەت لەنێو کایەی سیاسی لەهەر کۆمەڵگەیەک مانای گرێنتی دەستەبەربون و پارێزراوبونی مافەکانی ئەو ناگەیەنێت، چونکە ئەگەر بڕوانینە مافەکانی پیاو لەمێژوی مرۆڤایەتی و لەکۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا، ئەوا پیاوان هەر لەڕێی ڕەگەزی خۆیانەوە دوچاری چەندین ستەمی جۆراوجۆر بونەتەوە، کەچی دەستەڵات لەژێر هەژمونی پیاو خۆی بوە. یان ئەگەر بڕوانینە قۆناغە مێژوییەکان چەندین جار ئافرەت سەرکردە، یان سەرۆکی خێڵ، یان شانشین یان دەوڵەتێکی دیاریکراوبوە، کەچی ئەو دۆخە بندەستیەی ئافرەتان باشتر نەبوە، بگرە لەهەندێک باریشدا خراپتربوە. بۆنمونە کاتێک (مارگرێت تاتچەر) دەبێتە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، چەندین بڕیاری دەرکردن کە لەبەرژەوەندی ئافرەت نەبون. تەنانەت هەروەک (نەوال سەعداوی) دەڵێت لەماوەی حوکمڕانی ئەودا زۆر لەمافەکانی

ئافرەت کە بەهەوڵی چەندین ساڵ بەدەستهاتبون، لەدەستیاندا (السعداوی: ٢٠٠٢، ٨٤) ئەوکاتەی کە تاتچەر ڕێبازی لیبرالیزمی نوێی پیادەکرد.

٢- ئەگەر وایدابنێین لەحکومەتێک پێویستمان بە (١٠٠٠) کاراکتەری سیاسی هەیە، بۆ بەڕێوەبردنی حکومەتەکە، کەچی (٣٠٠٠) پیاوی ئامادە و شارەزای سیاسەتکردنمان هەیە. بۆچی دەبێت ئافرەت پەلکێشی ناو کایەی سیاسی بکرێت، لەکاتێکدا ئافرەت ئەرکێکی گرنگتری لەئەستۆدایە ئەویش ئەرکی وەچەنانەوە، بەخێوکردنی منداڵ و پەروەردەکردنیەتی. بۆیە پێدەچێت بونی ڕەگەزی مێ لەنێو ڕۆژەڤی سیاسی، مانای زیادبونی ڕوێکیتری سیاسەت بگەیەنێت و مەعریفەی سیاسی دەوڵەمەندتربێت، و دەکرێت ئەو ململانێ سیاسیانەی هەر لەدێر زەمانەوە لەنێو سیاسییەکان هەبوە هەروەک (فرانسیس فۆکۆیاما) ئاماژەی پێکردوە، کاڵببێتەوە و سیاسەت بە شێوازێکی تری باشتر و تەندروست ڕاییبکرێت.

بۆئەوەی ئافرەت بتوانێت ئەو دۆخە بندەستیەی بگۆڕێت و بەکردەیی بەشداری لەبڕیاری سیاسی بکات و هێزی دەستبکەوێت، پێویستە لەچەندین ئاست سیاسەت پەیڕەوبکات وەک: لەسەر ئاستی پێگەیاندنی سیاسی لەنێو خێزان و کەناڵە پەروەردەییەکانیتری کۆمەڵگە، لەسەر ئاستی امودەزگا سیاسییەکان و شوێنەکانی بڕیاری سیاسی، ڕۆشنبیری و هزریش. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش، چەندین ڕێگریی هەن، کە ناهێڵن ئافرەت ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی ببینێت لەو بوارانە، وەک ئەوەی تا ئێستاش ئافرەت نەیتوانیوە ڕێژەی ڕاستەقینەی خۆی، کەوا لە کۆمەڵگە هەیەتی لەنێو کایەی سیاسی دەستەبەری بکات، یان نەیتوانیوە بەشداری ڕاستەقینەی لەبڕیاری سیاسی هەبێت. هۆکارێکیتریش کە وایکردوە ئافرەت تائێستاش پێگەی سروشتی خۆی دەستەبەر نەکردبێت لەژیانی سیاسیدا، دەکرێت بگوترێت کۆمەڵگەکان بەگشتی باوەڕیان وایە پیاو باشترە لەئافرەت بۆ ئەنجامدانی کاری سیاسی بەحوکمی جیاوازی ڕەمەکە بایۆلۆژی و خەسڵەتەکانی هەردو ڕەگەزەکە. چونکە وەک ئاشکرایە ئافرەت بەگشتی سۆزدارترە لەپیاو، کاری سیاسیش بوار بۆ سۆز ناهێڵێتەوە.

## ئەنجام:

دوای ئەوەی توێژەر بۆچونی چەند بیرمەندێکی تایبەت بەتیۆرەکانی فێمینیزمی وەرگرت و مشتومڕی نێوانیانی خستەرو، و بەشێوەی مشتومڕ و خاڵە جیاواز و لێکچوەکانی تیۆرەکانی فێمینیزمی گەنگەشەکرد، بەتایبەتیش لەبواری سیاسیدا. بەچەند ئەنجامێک گەیشت، ئەوانیش:

یەکەم: ئەو ئامانجەی دەڵێت: (**زانینی تیۆرەکانی تایبەت بە فێمینیزم و ئەو مشتومڕە ئەکادیمی، زانستی و لۆژیکیەی لەنێوانیان رویداوە.**) دەرکەوتوە:

١- تیۆرەکانی تایبەت بەفێمینیزم چەندین ڕا و سەرنج و مشتومڕیان خستوتە نێو گۆرەپانی ململانێی جیهانی، بۆنمونە فێمینیزمی لیبرالی وایدەبینێت، پێویستە بەبێ گوێدانە جیاوازییەکان لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ هەلی یەکسان

بۆ هەردوكیان برەخسێنرێت. هەرچەندە ئەم بزوتنەوەیە لە بزوتنەوەی لیبرالی مۆدێرن سەرچاوەی گرتوە، كە لەبنچینەدا بزوتنەوەیەكی رەوشتی و رۆشنبیریی لەبنچینەدا ئابورییە. بەڵام فێمینیزمی رادیكاڵی، و دوای نوێگەری پێیانوایە بۆئەوەی لەژێر هەژمونی پیاوسالاری رزگارمان بێت، پێویستە هێز و رێكخراوی تایبەت بە ئافرەت هەبن، و جارێكی تر یاسا و چەمكەكانی پەیوەندیدار بە كۆمەڵگە دابرێژرێنەوە. هەروەها فێمینیزمی ئیسلامیش داوای سەرلەنوێ پێداچونەوە بە كەلەپوری فیقهی بكرێتەوە.

٢- یەكێكیتر لەو مشتومرە زۆرەی لەنێوان تیۆرەكانی فێمینیزم هەیە بابەتی جیاوازی یان یەكسانی هەردو رەگەزە لەبواری جێندەری، كە هەندێكیان باوەڕیان بە هەبونی جیاوازی بنچینەیی لەڕوی (بایۆلۆژی، فسیۆلۆژی، كۆمەڵایەتی، سیاسی...هتد) هەیە، وەک (فێمینیزمی رادیكاڵی و فێمینیزمی ئیسلامی). بەڵام هەندێكیتر باوەڕیان بەوە هەیە ئەگەر دەرفەتی یەكسان بەهەردو ڕەگەز بدرێت، هیچ جیاوازییەک نامێنێت، ئەوەی كە ئێستاش دەبینرێت سیستەمی زاڵی پیاوسالاری دروستی كردوە، بۆیە دەكرێت ئەو جیاوازیانە نەمێنن. وەک (فێمینیزمی لیبراڵی و فێمینیزمی دواینوێگەری).

دوەم: ئامانجی (**زانینی ئەو بەربەستانەش كە هاتونەتە بەردەم ئافرەت، تابێتە نێو كایەی سیاسی**.) دەریخستوە:

١- تیۆرەكانی فێمینیزم وایدەبینن یەكێک لە زەقترین خاڵە ناكۆكەكانی نێوان تیۆرە فێمینیزمەكان بریتییە لەبابەتی خێزان، چونكە هەركاتێک باسی سەربەخۆیی ئافرەت بكرێت و باس لەبەشداری ئەو بكرێت لەجیهانی دەرەوە، دەبێت باسی خێزانیش بكرێت. بۆیە هەندێكیان تەنانەت ڕەتی هەبونی سیستەمی خێزان و هەڵوەشاندنەوەی دەكەن و هەندێكی تر پاڵپشتی لەمانەوەی دەكەن، بۆ نمونە هەریەكە لە (فێمینیزمی لیبرالی و فێمینیزمی ئیسلامی) پاڵپشتی لەمانەوەی خێزان دەكەن، كەچی هەریەكە لە (فێمینیزمی ڕادیكاڵی، دواینوێگەری، ماركسی و سۆسیالیستی) ڕەتی سیستەمی خێزان دەكەنەوە.

٢- هەریەكە لە (گیدنز و دی تۆكڤێل) باوەڕیان وایە جیهان بەگشتی بەرەو یەكسانی هەردو ڕەگەز لەبوارە جۆراوجۆرەكان هەنگاو دەنێت و جیهان بەرەو چاكەخوازی دەڕوات، بەڵام (بیک) جیاوازتر قسەدەكات و دەڵێت لەداهاتودا كێشەكانی نێوان هەردو رەگەز زیاتر دەبن و دەبنە پاشكۆی ئەو كێشانەی كە لەڕابردودا هەبون، هەروەها ڕوبەڕوبونەوە لەنێوانیان زیاتر دەبێت، واتە ئەم سیستەمە جیهانیەی سەرمایەداری لیبرال سەركردایەتی دەكات، سیستەمێكی پیاوسالاریە و خزمەت بە دۆزی ئافرەت ناكات، بەڵكو ئافرەت وەک پاشكۆ بۆ سیاسەتەكانی پیاو كەڵكی لێوەرگیراوە.

سـێیەم: ئەو ئامانجەش كە دەڵێت: (**زانینی ئەو رێگەچارانەی هەریەک لەتیۆرەكانی فێمینیزم خستویانەتەڕو بۆ باشتركردنی دۆخی سیاسی ئافرەت**.) دەركەوتوە:

١- یەكێک لە زەقترین پرسەكانی ئێستای جیهان، كە قسە و باسی زۆر لەخۆدەگرێت بریتییە لە پرسی ئافرەت، بەهۆی پێشكەوتنی پیشەسازی، تەكنۆلۆژیا و جەختكردنە سەر گەشەی ئابوری و بواری پەیوەندییەكان و پێویستی

ئەو لایەنانە بۆ هێزی کاری ئافرەت، مشتومڕی زۆری دروستکردوە. کە هەمو بیرمەندان لەسەر ئەوە کۆکن دەبێت ئەوانیش بەشداری کایە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆیی لەسەرتاسەری جیهان بکەن، بەڵام لە شێوازی بەشداریکردن بۆچونی جیاوازیان هەیە.

٢- زۆربەی داکۆکیکارانی مافی ئافرەت لەو بەشدارییپێکردنەی ئافرەتان لەکایەی سیاسی لەهەمو جیهان بەگومانن و پێیانوایە تائێستا ئافرەتان بندەستن و تەنیا سیاسەتی پیاو جێبەجێ دەکەن، چونکە تەنیا هەندێک گرێنتی سادە و ساکاریان بۆ دەستەبەر کراوە، بۆیە هەندێک لە داکۆکیکاران تەنانەت بانگەشەی ئەوە دەکەن سیستمی دژ بەسیستمە جیهانییە باوەکە بگیردرێتە بەر لەپێناو گرێنتی بەشداریکردنی ئافرەت لەبریاری سیاسی و گرێنتی یاسایی.

٣- تیۆری فێمینیزمی لیبرالی وایدەبینێت ئافرەت لەکایەی سیاسی پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و توانراوە بەشداری کردەیی بریارە سیاسییەکانی جیهان بکات، بەڵام هەریەکە لەتیۆرەکانی (فێمینیزمی رادیکاڵی، دواینوێگەری و سۆسیالیستی) وایدەبینن ئەو بەشداریەی ئافرەت لەکایەی سیاسی کردەیەکی رواڵەتییە و تەنیا سیاسەتی پیاو جێبەجێدەکەن، بۆیە پێویستە بۆ ڕزگاربون لەم دۆخە بندەستیە، هێزی بەرامبەر دروستبکرێت و ئافرەتان خۆیان هێز و رێکخراو و سیاسەتی تایبەت بەخۆیان هەبێت. لەلایەکیتر فێمینیزمی بەجیهانیبو وایدەبینێت ئافرەتان لەکۆمەڵگەیەک بۆ یەکێکی تر و لەکولتورێک بۆ یەکێکیتر جیاوازن، بۆئەوەی ئەو جیاوازیانەش چارەسەربکرێن و ئافرەتان لەهەمو کۆمەڵگەکان بەرەو باشتربون بچن لەهەمو بوارەکان، پێویستە خوێندنەوە بۆ سیستمە باوەکانی هەمو ئافرەتانی جیهان بکرێت. ئینجا بۆچونە جیاوازەکان وەلاوە بنرێن و لەسەر بنچینەی کولتورێکی جیهانیی باڵا کۆبکرێنەوە. هەرچی فێمینیزمی ئیسلامییە، پێیوایە ئەم دۆخە ناتەندروست و ناهەموارەی ئافرەتانی جیهانی ئیسلامی و جیهانی سێیەم تێیدا دەژین بەشێکی هەرە زۆری پەیوەندی بەو بندەستیەوە هەیە، کە وڵاتانی زلهێز کۆلۆنیالی ئەو کۆمەڵگایانەیان کردوە، هەروەها وایدەبینن لەبنەڕەتدا پیاو و ئافرەت تەواوکەری یەکترن نەک یەکسانبن، بۆیە پێویستە لەسیاستکردنیش وەک دو رەگەزی تەواوکاری یەکتر مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

٤- بەگشتی زۆربەی تیۆرە فێمینیستیەکان باوەڕیانوایە ئافرەتان لەکایەی سیاسی ڕۆڵیان لاوازە و بەمەبەست ئافرەت بندەستکراون، ئەوەش کە ئەو دۆخەی دروستکردوە سیستمی پیاوسالارییە، کە دەبێت ئەو سیستمە نەهێڵدرێت. هەروەها پێویستە لەهەمو روەکانی کولتوری، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، راگەیاندن و ... هیتر کار لەسەر نەهێشتنی ئەو سیستمە پیاوسالاریە بکرێت و نەهێڵدرێت، کە ڕەگوریشەکانی مێژویین و پێویستی بە هەوڵ و کۆششی زۆر هەیە تا پێچەوانە بکرێتەوە، هەرچەندە لەئێستادا لەجیهانی رۆژئاوا گرنگی زۆر بەو مەسەلەیەی بەشداری ئافرەت دەدرێت لەکایەی سیاسی بەشێوەیەکی کردەیی.

# Feminisms Stream Role to Developing Womans Political Position (A Theoritical Study)

**Saleem Patros Elias**
Sociology Department, Colage of Arts, Salaaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** selim.elias@su.edu.krd

**Nazar Ahmed Yahya**
Work of Administration Department, Soran Technical Institute, Erbil Politechnic University, Soran, Kurdistan Region, Iraq
**E-mail:** Nazar.yahya@ymail.com

**Abstract:**

This study is a kind of effort to explore growing the current of different feminist theories in their frame discussions of social differences which women face in society. It tries to explain that, regardless of a given ideology, there are quantities of feminist theories that have been progressed based on developing of society. They can be classified into three main waves depending on their growth from beginning to present. In this study three main perspectives which are (Liberal, Radical, Post modern, Marxist, Socialist, Global and Islamic) thiories, distinguished from each other by analyzing the existing feminist theories.

But the researcher focused on political sphere, which feminist movements and activiactivists interested with, because they beleave that if woman wants to equal with men, they have to participate to the political activities and have roles in political order.

**Keywords:** Feminist Movements, Gender, Political Sphere and New Liberal.

## سەرچاوەکان:

Lorber, J,: 2000,using gender to undo gender: A feminist degendering movement. Feminist theory.
Macionis, John J.: 2015, Society the Basics, 13th Ed, Pearson.
Ritzer George,: 2011, Globalization the Essentials, Wiley Blackwell

ابوبكر، اميمه:٢٠١٣، النسوية والمنظور الاسلامى- أفاق جديدة للمعرفة والاصلاح، ت/ راندا ابوبكر، مؤسسة المرأة والذاكرة، القاهرة.
باركر، كريس: 2006، التلفزيون والعولمة والهويات الثقافية، ت/ علا احمد اصلاح، ط1، مجموعة النيل العربية، القاهرة.
بك، اولريش: 2012، ماهي العولمة؟، ط2، ت /د.أبو العيد دودو، منشورات الجمل، بيروت-لبنان
بيك، اولريش: 2009 ، مجتمع المخاطرة، ت /د .جورج كتوره و د .الهام الشعرانى، ط١، المكتبه الشرقيه، بيروت -لبنان
حريق، ايليا: 2001، الديمقراطيه وتحديات الحداثه بين الشرق والغرب، ط1، دار الساقى، بيروت-لبنان.
الخولى، يمنى طريف: ٢٠١٨ النسوية و فلسفة العلم، مؤسسة هنداوى ، سي أي سي، المملكة المتحدة.
السالم، د. زغلولة: 1998، صورة المرأة العربية في الدراما المتلفزة، 1992-1الى 1994-12 ، ط1، دارمجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان-الاردن.
السعداوى، نوال: ٢٠١٧، الانثى هي الاصل، الناشر مؤسسة هنداوى سي اى سي، المملكة المتحدة.
عبدالجواد، د.مصطفى خلف:٢٠١١ نظريه علم الاجتماع المعاصر، ط٢، دار الميسره للنشر والتوزيع والطباعه، عمان-الأردن.
عبدالوهاب، نورهان:٢٠١٦ ، النسوية الإسلامية، اشكاليات المفهوم ومتطلبات الواقع، مؤمنون بلا حدود، سلسلة ملفات بحثية، الدين وقظايا المجتمع الراهنة.
فرج، د.احمد: ٢٠٠٤، العولمه والاسلام والعرب، ط1، دار الوفاو للطباعة والنشر والتوزيع، المنصورة.
كرام، زهور و اخرون: ٢٠١٦، النسوية الاسلامية، باشراف/ بسام الجمل، سلسلة ملفات بحثية.
المسيرى، د.عبدالوهاب:٢٠١٠، قضية المرأة بين التحرير والتمركز حول الانثى، ط٢، نهضة مصر للطباعه والنشر والتوزيع، الجيزة.
مل، جون ستيوارت: 1998: استعباد النساء، ط1، ت/ د. إمام عبدالفتاح إمام، مكتبة مدبولي، القاهرة.

ئۆلینگ، ئەدوارد و مارکس، ئیلیانور: 2002، سەبارەت بەمەسەلەی ژنان، و / ب.مازیار، لەبڵاوکراوەکانی بزوتنەوەی بنیاتنانی حزبی کرێکارانی کۆمۆنیست-عێراق.
حەسەن، نەسرین: ٢٠١٠، من و تۆ یەکسانین، هەولێر.
رييد، ئیڤلین: 2006، پێکهاتەی بەدەنی و چارەنوسی ئافرەت ، چ1، و/ حەمە کەریم عارف، چاپخانەی ئارابخا- کەرکوک.
زادە، حومەیرا موشید: ٢٠٠٥، لەبزاڤەوە تا تیۆری کۆمەڵایەتی مێژوی دوسەدەی فێمینیزم، بەرگ١، چ١، و/ مراد حەکیم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
شاهندە، نوشین: ٢٠٠٦، نیتشە و فێمینیزمی هاوچەرخ، و/ محەمەد کەریم، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
عبدوڵڵا، کنێر: ٢٠٠٧، توندوتیژی وەزیفی دژی ژنان لە فەرمانگە حکومیەکاندا، توێژینەوەیەکی زانستی مەیدانیە لە هەردو شاری سلێمانی و هەولێر ئەنجامدراوە لەساڵی ٢٠٠٦،چ١،چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
فریدمەن، جیەن: ٢٠٠١، فیمینیزم، و/ فەرشید زەریفی، چاپخانەی کارۆ.
کۆمەڵە وتار: 2007، زمان، هێز، ئازادی، و / مقداد شاسواری، چ1، چاپخانەی منارە، هەولێر.
المساعد، نورة فرج:٢٠٠٦، فێمینیزم، فیکر و ڕەوتەکانی، و/عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی.
هۆیەر، ماریا ڤێندت و ئۆسە، سیسیلیا: ٢٠٠٦، ناکۆکیەکانی ناو سیاسەت ( سەرەتاییەک بۆ تیۆری سیاسی فێمینیستی)، ڕێبوار ڕەشید،چ، دەزگای چاپ و بڵاوکرنەوەی ئاراس، هەولێر.

## پەراوێزەکان:

[١] ) چەمکی فێمینیزم لەبنەڕەتدا فەرەنسیە و لە وشەی (Femme) وەرگیراوە، بەواتای لایەنگیری ئافرەت دێت، ناوی بزوتنەوەیەکە لەکۆتایی سەدەی نۆزدە سەریهەڵدا، بەمەبەستی یەکسانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئافرەتان و پیاوان لە ئەوروپا. دواتر لەسەرانسەری جیهان پەرەیسەند. لەسەرەتادا بۆبەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەکان خەباتیان کرد، بەڵام دواتر گەیشتنە ئەو باوەڕەی، مافە کۆمەڵایەتییەکان دەستەبەر نابن تا مافە سیاسییەکان دەستەبەر نەکرێن(حەسەن،٢٠١٠: ٧٨-٧٩).

[٢]) فەلسەفەی بونگەرایی هاوچەرخ وایدەبینێت بونەوەری مرۆیی پرۆژەیەکی ئازادە و پرۆژەیەکی بونییە، واتە بونی پێش ماهیەتی کەوتوە و بەپێی دۆخ و مەرجی بونەکەی پەیوەستدەبێت بە مردن و نەمانی. واتە هەرچەندە مرۆڤ بتوانێت بەکامڵبون بگات، ئەوا مانای بونی خۆی زیاتر دەستەبەرکردوە. بۆیە مرۆڤ چ نێر بێت یان مێ، ئەوا بونەوەرێکی کامڵە و هەوڵی زیاتری سەڵماندنی بونی خۆی دەدات، تەنانەت هیچ جیاکارییەکی بنەڕەتی یان جەوهەری لەنێوانیاندا نییە، تەنیا لە سنورێکی تەسکی بایۆلۆژی نەبێت، (قاسم: 2006 ، 164). بۆیە جیاوازی نێوان نێر و مێ جیاوازییەکی باڵادەستییە نەک بنەڕەتی، تائەو سنورەی جیاکاری بنەڕەتی لەڕوی وەزیفی عەقڵی، دەرونی و ڕۆحیش نییە، بەڵکو ئەوە بونی باڵادەستی (تفاضل) نێرە بەسەر مێدا یان مێیە بەسەر نێردا. بۆیە چەندین ڕێکخراو و دەزگای داکۆکیکاری مافەکانی ئافرەت و فێمینیست سەریانهەڵدا، داوای ئازادکردنی ئافرەتیان دەکرد لەچەرخی نوێدا . دیارترینیان: هەریەکە لە (سیمۆن دی بوڤوار)ی هاوسەری (جان پۆل سارتەر) و (مارگرێت مید) بون. (قاسم: ٢٠٠٦، ١٦٤)

[٣]) لێرەدا هەندێک ناونیشانی تریش هەن وەک فێمینیزمی عەرەبی یان فێمینیزمی جیهانی سێیەم، کە تایبەتن بە کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەم و کۆمەڵگە ئیسلامییەکانیش بەگشتی کەوتونەتە ئەو بازنەیەی جیهانی سێیەم، و هەروەها وڵاتە عەرەبییەکان هەمویان کۆمەڵگەی ئیسلامین و بەجیهانی سێیەم هەژماردەکرێن.( المساعد: ٢٠٠٦، ٧٠)